

**فراوانبوونی یەکێتی ئەوروپا سنووری لە نێوان ٢٥ دەوڵەتدا هەڵگرت**

ئەو دەوڵەتانەی ئێستا ئەندامی یەکێتی ئەوروپان و سنوورلە نێوانیان بوونی نەماوە، هەر ئەو دەوڵەتان کە لەسەردەمی شەڕی دووەمی جیهاندا، بەشێك لەو دەوڵەتانە بەشێکی دیکەی دەوڵەتانی ئەوروپای داگیرکردبوو، ئەڵمانیا و فەرەنسا کە بە دوو دەوڵەتە گەورەکەی یەکێتی ئەوروپا ناسراون و لەسەر داهاتووی یەکێتی ئەوروپا و فراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا وەك یەك دەوڵەت بیر دەکەنەوە، لەشەڕی جیهانی دووەمدا ئەڵمانیا فەرەنسای داگیرکردوو پاریسی وێران کرد، دەوڵەتانی گرووپی ئاسیان لە رۆژهەڵاتی ئاسیا کە ئێستا گرووپێکی ئابوورییان لە نێو خۆیاندا پێکهێناوە ئەوانیش لەسەردەمانی شەڕی جیهانی دووەمدا بەشێکیان بەشێکی دیکەیان داگیکردبوو، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی شەڕ و دەستبەرداربوون لە ئەقڵییەتی شەڕ و فراوانخوازی ئێستا دەوڵەتانی ئاسیا ئەو کۆمەڵە دەوڵەتەن کە لەسەر ئاستی ئابووری جیهان کێبرکێ لەگەڵ هەشت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان دەکەن، دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاواش بە هەمان شێوە بوون، راستە لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەقڵییەتی شەڕ و داگیرکاری بەسەریاندا زاڵبوو، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕ بیرکردنەوەیەکی دیکە دەستی پێکرد کە پێویستە دەوڵەتانی رۆژئاوای ئەوروپا لەناو یەکێتیەکدا کۆببنەوە بۆ ئەوەی نەبنە هێزێکی بچووك لە نێوان سۆڤیەتی پێشان و ئەمەریکادا، یەکێتی ئەوروپا تا کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و رووخانی دیواری بەرلین و

# ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا سنوورە ئیقلیمیەکان کاڵدەکاتەوە



**((لاتان ئاشکرایە، کە پتەوتربوونی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێو ناوچەکە چ گرنگییەکی بۆ هەرێمو بەرەوپێشچوونی باری سیاسیو ئابووریمان هەیە، هەمیشە دروشمو بانگەوازمان ئەوەبووە کەبەگرتنەبەری رێگەچارەی ئاشتییانە کەشێک لەدەڤەرەکەدا بخوڵقێت کەتێکڕای گەلانی ناوچەکە لەئاشتیو سەربەستیدا بژین، خواستو ویستو کەرامەتی هەموو لایەک پارێزراو بێت. تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کەگرنگیی خۆی بۆ تێکڕای ناوچەکە بەگشتیو بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەیە، خۆشبەختانە ئەمڕۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا گەیشتۆتە ئاستێک کەلەیەکگەیشتنێکی زۆر هاتۆتە ئاراوەو لەو بڕوایەداین کەزەمینە لەبار تربووە بۆ پەرەپێدانی زیاتر بەو پەیوەندییە بەجۆرێک کەلەبەرژەوەندیی هەردوولادا بێت. هەر لەچوارچێوەی ئەو بەرەو پێشچوونەدا من وەک سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشتی تورکیا کراومو خوا یاربێ لەماوەیەکی نزیکدا ئەم سەردانە ئەنجام دەدەین. ئامانجیشمان لەو سەفەرە ئەوەیە کە:**

**یەکەم: دەمانەوێ پێشوازی لەو سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا بکەین کەدەستی دۆستیی بۆ درێژکردووینو بێگومان وەڵامی ئێمەش بۆ ئەو هەڵوێستە وەکو هەمیشە هەر ئیجابی دەبێت.**


**دووەم: دەمانەوێت ئاستی پێوەندییە سیاسییەکانمان زیاتر پەرەی پێبدەین بەجۆرێک کەلەخزمەت جێگیرترکردنی ئاشتیو باری تەناهیو ئاسایشی زیاتری تێکڕای دەڤەرەکە بێت.**

**سێیەم: زیاتر پەرە بەپێوەندییە ئابوورییەکانمان لەگەڵ تورکیا بدەینو هەوڵبدەین ئاستی ئالوگۆڕی بازرگانیو سەرمایەگوزاری لەنێوانماندا بەرزترو فراوانتر بکەین.))**

**سەرۆک بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان**
**٢٠١٠/٥/٢٩**

**دوای ئەوەی تورکیا دەستی بەپرۆسەی کرانەوەو دیموکراتی کردووە، هەست دەکرێت هەنگاوی جددی بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا هەڵدەگرێت**

یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا بواری ئەوەی نەبووە یەکێتیەکەی بەئاستی ئێستا فراوان بکات، لەبەر ئەوەی لەبەشێکی ئەوروپا( ئەوروپای ناوەڕاست و ئەوروپای رۆژهەڵات) ئەقلییەتی شەڕو بڕوانەبوون بە دیموکراتی هێشتا بوونی مابوو، بەڵام دوای ئەوەی شەڕی سارد کۆتایی پێهات و ئەو ئەقڵییەتە لەو دەوڵەتانەشدا گۆڕانی بەسەردادەبینن بەجۆرێك یەکێتی ئەوروپا فراوانبوون کە لەنێوان ٢٥ دەوڵەتدا سنووری هەڵگرت، ئێستا دوای ئەوەی تورکیا دەستی بەپرۆسەی کرانەوەو دیموکراتی کردووە، هەست دەکرێت هەنگاوی جددی بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا هەڵدەگرێت و ئێستا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی گۆڕانکاری بەسەر ئەو چەمکەدا بێنێت کە پێشتر دراوسێکانی بەدوژمن دەزانی و ئێستا وەك دۆست سەیریان دەکات، ئەم هەنگاوانی تورکیا ئەگەر لەم قۆناخەشدا نەگەنە ئەو ئاستەی کە تورکیای پێ ببێتە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپادا، بەڵام ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەسەر ئاستی هەرێمی یەکێتیەکی بازرگانی و ئابووری ئەوتۆ بێتە ئاراوە کە سنورەکانی نێوان تورکیا وڵاتانی دیکە کاڵبکاتەوە، ئەم هەنگاوانە بێجگە لەوەی لەرووی ئابووری و بازرگانییەوە رەوشی هەموو وڵاتانی ناوچەکە بەرێوە دەبات، دەبێتە هەنگاوی یەکەمیش بۆ چەسپاندی ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.



**جەنگیز چاندار ڕۆژنامەنووســـی بەناوبانگی تورکیا، یەکێکە لە ســـتوون نووسەکانی ڕۆژنامەی حوریەت دەیلی نیوز و یەکێکە لەو شرۆڤەوانە سیاسییانەی کە لەسەر ئاستی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچوونەکانی بایەخی پێدەرێت و ڕێزی لێدەگیریت، لەسەر ئاســـتی کێشەی کورد لە تورکیا و پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیش، چاندار ئەو ڕۆژنامەنووسەیە زۆر بوێرانە جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە کە بێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، تورکیا نابێتە وڵاتێکی دیموکراتی، هەروەها ئەو ڕۆژنامەنووسەشـــە کە پێش هەر ڕۆژنامەنووسێکی دیکە لەناو ڕۆژنامەکانی تورکیادا باکووری عێراقی گۆڕی بۆ کوردستان-عێراق و ئێستا لەم دیمانە تایبەتەی لـــە گوڵاندا، ئاماژە بەوە دەکات خەریکە بەکارهێنانی هەرێمی کوردســـتانی عێراق دەبێتە شـــتێکی ئاسایی لە ناو ڕۆژنامەکانی تورکیادا کە یەك دوو ساڵ پێش ئەمە زۆر زەحمەت بوو، ســـەبارەت بە گۆڕانکاری لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ئاسییبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردســـتان و سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیـــا، ڕۆژنامەنووس جەنگیز چاندار بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**جەنگیز چاندار ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا بۆ گوڵان:**

# سەردانەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ تورکیا هەنگاوێکی گەورەیە و پێوەندییەکان دەباتە ئاستێکی دیکە

بەرەوپێشەوە چوونی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق بەستراوەتەوە بە هەرێمی کوردستانەوە و لەم ناوچەیەوە بەڕێوەدەچێ

*** لەگەڵ دەســـپێکی ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێـــوان تورکیا و هەرێمی کوردســـتان هەســـتمان کـــرد جۆرێك لە گۆڕانکاری لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا هاتۆتە ئاراوە، پرســـیاری ئێمـــە ئەوەیە بەڕێزت وەك چاودێرێك چۆن سەیری ئەو گۆڕانکارییە دەکەیت؟**

- سیاسەتی نوێی دەرەوەی تورکیا کە لە چوارچێوەی «نەهێشـــتنی کێشە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ» دامەزراوە کە لەلایەن بەڕێز داود ئۆغلـــو داڕێژراوە. بەتایبەتی لە پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق و سووریا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدراوەتەوە. لە ڕوانگەی تورکیاوە پێویســـتە ئەمجـــۆرە پێوەندییانە بەردەوام بـــێ. هەروەك لەگەڵ ســـووریا، ئوردن و لوبنان لەسەر بنەمای «نەهێشتنی کێشە لەگـــەڵ دەوڵەتانی دراوســـێ» لەگەڵ عراقییش سنوور نامێنێ و پێویستە ئەمە شـــتێکی چاوەڕوانکراو بـــێ. هەرچەندە ئێستا لە عێراقدا کێشـــەی دامەزراندنی حکومەتی نوێ لـــە ئارادایە، بەڵام ئەم پێوەندییانە لە گەشەسەندن بەردەوامیدان و کاریگەریشیان لە حکومەتی نوێ زیاتر و ڕۆشنتر بەرچاو دەکەوێ، چونکە تورکیا لە عێراقـــدا سیاســـەتێکی پێوەندیدار بە خەڵك و دەوڵەت جێبەجـــێ دەکات، بۆیە گرنگ نییە کێ و چ لایەنێك حکومەت پێکدەهێنێت یان نە .

*** بەڕێز مســـعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بانگهێشتی تورکیـــا کـــراوەو ئـــەم ســـەردانەش لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکرێت، پرسیاری ئێمـــە ئەوەیە ئایا تاچەنـــد ئەم کرانەوەی سیاســـەتی تورکیایـــە پێوەندییەکانـــی هـــەردوولا لە هەموو ئاســـتەکان فراوانتر دەکات؟**

- لە ڕاســـتیدا ئـــەم گەشەســـەندنە لە پێوەندییەکانی نێـــوان تورکیا و هەرێمی کوردســـتان تۆزێـــك دواکـــەوت، ئـــەم بەرەوپێشـــەوەچوونە بەرەوپێشەوەچوونێکی چاوەڕوانکرابـــوو دەبـــوو زووتـــر ببوایە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەرەوپێشـــەوەچوونی پێوەندییەکانـــی نێوان تورکیـــا و عێراق بەســـتراوەتەوە بە هەرێمی کوردســـتانەوە و لـــەم ناوچەیـــەوە بەڕێوەدەچـــێ. هەر بۆیە بەگوێرەی سیاســـەتی «نەهێشتنی کێشـــە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوســـێ» لە پێوەندییەکانـــی نێوان تورکیـــا و عێراقدا راشـــکاوانە ئاماژە بە هەرێمی کوردستان دەکات، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردســـتان کەوتۆتە نێـــوان ئـــەم دوو دەوڵەتە، بۆیە پێویســـتە پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەم هەرێمە ببەســـترێ. بۆ دروستکردنی ئەمجۆرە پێوەندیەش هەنگاوی پێویســـت هەڵگیـــراوە، بەڵگەی ئـــەم هەنگاوانەش کرانەوەی کونسوڵخانەی گشتی تورکیایە لـــە هەولێـــر بۆ زیاتـــر چڕکردنـــەوە و چالاککردنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا. لەم ڕووەوەش پێویستە سەردانی بەرپرسانی عێراق بۆ تورکیا و بە پێچەوانەوەش تورکیا بۆ عێراق و هەرێمی کوردســـتان پێویستە ببێتە شتێکی ئاســـایی، ئەم سەردانەی ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتانیش کەلـــە دوای ماوەیەکـــی درێژ لە دابڕان ســـەردانی تورکیا دەکات،



ئەم سەردانەی ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کەلە دوای ماوەیەکی درێژ لە دابڕان سەردانی تورکیا دەکات، دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی سەردانی بەرپرسانی هەردوولا بۆ لای یەکتری

دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی سەردانی بەرپرسانی هەردوولا بۆ لای یەکتری و ئەمەش دەبێتە شتێکی ئاسایی.

*** ئایا بە رای تۆ ئەنجامدانی سەردانەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکی پۆزەتیفانەی دەبێت لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان و هەروەها تورکیا و عێراقیش؟**

- ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی پڕ مانایە، چونکە ڕێزدار مسعود بارزانی ماوەیەکی زۆرە سەردانی تورکیای نەکردووە و تورکیاش لەمێژە میوانداری بەڕێز بارزانی نەکردووە. بۆیە بەرجەستەبوونی ئەم سەردانە دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ پێشخستنی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان. بێگومان تورکیا ئامادەیەو بە شێوەیەکی زۆر پۆزەتیڤانە پێشوازی ئەم سەردانەی بەڕێزیان دەکات. هیوادارم سەردانەکەی بەڕێزیان بە زووترین کات بەرجەستە بکرێ.

*** بەڕێزت سالآنێکی زۆر هەوڵ بۆ پتەوکردنی پێوەندی دۆستانەی نێوان کورد و تورك دەدەیت و هەروەها پێوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیشت هەموو کات بەگرنگ زانیوە، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئایا تۆ گەشبینی بەوەی ئەم پێوەندیانە زیاتر بچنە پێشەوە؟**

- ئەم خاڵەی ئێستا پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ تورکیا پێی گەیشتوون، ئەگەر بەر لە چەند ساڵێك باسی ئەوە بکرایە ئەو پێوەندیانە بەوجۆرە دەبن، ئەوا وەکو خەونێك دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەمرۆ لە سەردەمێکی وا دەژین کە خەریکە لە بەکارهێنانی وشەی هەرێمی کوردستانی عێراق رادێین، تورکیا خاوەنی کونسوڵخانەی گشتیە لە هەولێر، وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی ناو خاکی هەولێری کرد و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا. بەرلە چەند ساڵێك لەمەوبەر ئەمانە هەمووی خەون بوون، بۆیە ئەگەر دوای ٥ ساڵ سەیری ئەمرۆ بکەین دەبینین سنوور بۆتە شتێکی مێژوویی. بۆیە لەگەڵ بەسەرچوونی کات سنوور بایەخی نامێنێ و دەبێتە شتێك کە تەنیا لەسەر نەخشە و ئەتڵەسەکان چاومان پێی دەکەوێ. ئەمەش بەهۆی پێکهاتەی کولتووری و دێرینی مێژوویی ناوچەکان و رەنگدانەوەی هەموو ئەمانە لەسەر پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا.


*** لایەنێکی دیکەی گرنگ لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بوونی کولتووری هاوبەشە لە نێوان هەردوولادا، بەتایبەتی کولتووری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵایەتی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، پرسیار ئەوەیە تاچەند ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر فراوبوونی ئەم پێوەندیە کولتووریە؟**

- سنووری عێراق و تورکیا بریتییە لە سنووری هەرێمی کوردستان و تورکی، واتە بریتییە لە سنووری نێوان کوردەکانی تورکیا و کوردەکانی عێراق. بۆیە ئەمبەر و ئەوبەری سنوور خاوەنی هەمان ناوچە، هەمان زمان، هەمان ئایین و کولتوورن، لەم رووەوە گەشەسەندن و بەرەوپێشەوەچوونی پێوەندییەکانی هەردوولا بایەخی سنوور ناهێڵێ. بۆیە مانەوەی سنوور وەك تەنیا شتێکی سیاسی. پردی پێوەندیە کولتوورییەکان زۆر بەهێزتر دەکات و هەنگاوە پێویستەکانیش لەم بارەیەوە لەخۆ دەگرێت. هەر بۆیەش تاکە خاڵی هاوبەش لەنێوان تورکیا و عێراق کوردە، یەك میللەتی و یەك کولتووری کورد دەبێتە دروستکەری پێوەندی زۆر بەهێز لە نێوان هەردوو دەوڵەت. هەروەك بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆغان لە بەغدا ئاماژەی پێکرد «یەك دەوڵەت بە دوو حکومەتەوە» لە دەرەنجامی ئەمجۆرە پێوەندیە دێتە ئاراوە.

*** ئایا تۆ خۆت چۆن داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبینیت؟**

- هەروەك لەمەوبەر ئاماژەم پێکرد. سنوور دەبێتە شتێکی بێمانا لەگەڵ گەشەسەندنی پێوەندییەکان. تەنیا لەسەر نەخشە چاومان بە سنوور دەکەوێ، خۆی لە خۆیدا هەر پێویستە هەرواشبێ.

سنووری عێراق و تورکیا بریتییە لە سنووری هەرێمی کوردستان و تورکی، واتە بریتییە لە سنووری نێوان کوردەکانی تورکیا و کوردەکانی عێراق



رۆژنامەنووســـی ناســـراوی تورکیا محەمەد عەلی بیراند یەکێکە لەو رۆژنامەنووســـانەی کە چەند بوارێکی کاری رۆژنامەگەری بەیەکەوە گرێداوەتەوە و رۆژانە ستوونێکی بەزمانی تورکی لە رۆژنامەی میللییەت هەیــە و هەر هەمان رۆژ بە زمانی ئینگلیزی لە رۆژنامەی حورییەت چاپی ئینگلیزیش بڵاو دەبێتەوە، هەروەها بیراند لە کاری تەلەفزیۆنیش چەندین بەرنامەی جۆراوجۆری سیاســـیی هەیە، تایبەتمەندیشە لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا و پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیش، بۆ قسەکردن لەسەر بابەخی کرانەوە و ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بەمجۆرە راو سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

**محەمەدعەلی بیراند رۆژنامەنووسی ناسراوی تورک بۆ گوڵان:**

# لە داهاتوویەکی نزیکدا پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە ئێستا باشتر دەبن

*** ئاســـاییبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، جۆرێکە لە پیادەکردنی دیپلۆماتیەتێکی سەرکەوتووی تـازە لــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، بێگومــان ئەم ســەرکەوتنەش بەرهەمی لێکتێگەیشــتنی نێوان هەردوو لایە، ئایا تاچەند بەم ئاراستەیە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو پێشتر دەچن؟**

- لەو بڕوایەدام کــە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمــی کوردەکان لە باکــووری عێراق لەگەڵ تورکیــا لە ماوەیەکی زۆر کورت دا دەگاتــە خاڵێکــی باشــتر، چونکە باکووری عێــراق و تورکیا لەگەڵ یەك تێکەڵــن و وەك یەك ناوچە وان. ناوچەی کوردستان و عێراق لەگەڵ تورکیا خاوەنی قازانجی هاوبەشــن. باکووری عێراق لە جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بۆ تورکیــا وەك ناوچەیەکــی نزیکەرەوەی جیاوازی نێــوان میللەتان وایە، تورکیاش دەروازەی کرانــەوە و گەیشــتنی عێراقە بە وڵاتانی ئەوروپا. تاکە شــت کە سێبەر دەخاتە ســەر ئەم دیمەنە جوانە پ.ك.ك یــە. بوونــی حەشــارگە و کەمپەکانی پ.ك.ك لــە ناوچەی باکــووری عێراق هــۆی ناڕەحەتــی و نیگەرانی خەڵکی تورکیایە. ئەگەر بمانەوێ پێوەندییەکانی نێوان باکــووری عێراق و تورکیا بە دوور بگرین لە زیان و شــێوان، ئەوا پێویســتە دەســەڵاتدارانی ناوچەکە یارمەتی دەربن بۆ چەك داگرتنی پ.ك.ك.

*** پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم کرانەوەی سیاسەتی تورکیا پێوەندییەکانی هەردوولا لە هەموو ئاســتەکان فراوانتر دەکات؟**

- کرانەوەی کونسوڵخانەی گشتی تورکیا لە هەولێــر ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو. ئەمە مانــای دانپیانانی بە حکومڕانی کورد لە باکووری عێراق لەلایەن تورکیاوە دەگەیەنێ. هەروەها کردنەوەی کونسوڵخانە یارمەتیدەرە بۆ بوونی سەدان کۆمپانیای تورك و زیادکردنــی رادەی وەبەرهێنان هەروەکو دەرکەوتووە کــە چەندین ملیار دۆلارە. بوونی کونســوڵخانەی گشــتی تورکیا لــە هەولێر وەبەرهێنــەران زیاتر هەســت بە ئاســایش و ئارامی دەکەن و زیاتر وەبەردەهێنن.

*** فرابوونــی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردســتان لەلایــەك دەبێتە هۆکاری ئــەوەی هەرێمی کوردســتان بــۆ تورکیا ببێتــە دەروازەیەکی گرنگ بۆ تورکیــا، لەلایەکی دیکــە هەرێمی کوردســتان دەبێتە دەروازەیەکی گرنگی عێراقیش بۆ تورکیا، ئەمەش واتە پێوەندی و هاتووچۆی نێوان هەردوولا زیاتر دەبێت، ئایا تاچەند تورکیا ئاسانکاری پێشکەش دەکات بۆ ئەمجۆرە پێوەندیانە، بەتایبەتی لــە رووی پێدانی ڤیزە بــۆ هاووڵاتیان و کەوتنە گەڕی هێڵی ئاســمانی تورکیا بــۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ئاسانتر لە جاران بتوانن سەردانی تورکیا بکەن؟**

- پێویســـتە هێڵەکانی ئاســمانی تورکیا بە زووترین کات دەســت بە گەشت بکەن بــۆ هەولێــر. لــە رووی ئابوورییەوە لە

کرانەوەی کونسوڵخانەی گشتی تورکیا لە هەولێر رووداوێکی زۆر گرنگ بوو. ئەمە مانای دانپیانانی بە حکومڕانی کورد لە باکووری عێراق لەلایەن تورکیاوە دەگەیەنێ

پێویستە هێڵەکانی ئاسمانی تورکیا بە زووترین کات دەست بە گەشت بکەن بۆ هەولێر

جوگرافیایەکی وەکو هەولێر کە پێوەندییە ئابوورییەکان زۆر بەخێرایی تیایدا گەشە دەسەنن، بوونی فاکتەرێکی وەکو هێڵە ئاسمانییەکانی تورکیا کە ئێستا تۆزێك قورسە. هەرچەندە دوای ماوەیەکی کورت ناچار هێڵە ئاسمانییەکانی تورکیا دەست بەکار دەبێ، چونکە داواکاری زۆر زۆرە.

*** ئایا دوای ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ئاسایی بۆتەوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بانکێکی تورکی لەهەرێمی کوردستان بکرێتەوە؟**

- بۆ زیاتر گەشەسەندنی پێوەندییە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی ئاسانتر، پێویستە بانکە تورکیەکان لە هەولێر لقەکانیان بکەنەوە. لە ناوچەیەك کە زیاتر لە ٥٠٠ کۆمپانیای تورکی لە خۆ دەگرێ لە رووی گوێزرانەوەی پارە پێویستە کاروباری کۆمپانیا تورکیەکان ئاسان بکرێ. پێویستە پێداویستی گوێزرانەوەی پارە بە جانتا یاخود لەرێگەی بانکە بیانییەکانەوە نەمێنێ.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بوونی کولتووری هاوبەشە لە نێوان هەردوولادا، بەتایبەتی کولتووری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵایەتی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، پرسیار ئەوەیە تاچەند ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر فراوانبوونی ئەم پێوەندییە کولتوورییە؟**

- ئێمە هەردوولامان خاوەنی هەمان جوگرافیاین و خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەشین. لەلایەن وەزارەتەکانی رۆشنبیری هەردوو ناوچەی باکووری عێراق و تورکیا دەتوانرێ چەندین پرۆژەی هاوبەش گەشەی پێبدرێ. چەندین کۆنسێرت سازبکرێ، لە لایەنی هونەری وەك شانۆگەری و سینەما دەتواندرێ کۆمەڵێ شاکاری هاوبەش بدۆزرێتەوە. هەرچی لایەنی پەروەردەیە ئەوا لە ناوچەی باکووری عێراق دەتوانرێ چەندین زانکۆی تورکی دابمەزرێندرێ .

*** ئایا تۆ خۆت چۆن داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبینیت؟**

- پێوەندییەکان بەشێوەیەکی زۆر باش لەگەشەسەندندان و بەرەو زۆر باشتریش دەڕۆن. پێوەندییە ئابووریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بوونە پێکهێنەری سەرەتایەکی زۆر جوان، هەرچەندە ئێمە وەکو مرۆڤ لە زۆر لایەنەوە لەیەکتر دەچین. بۆیە پێموایە چ لە رووی ئابووری، سیاسی و کولتوورییەوە داهاتوومان زۆر باشتر دەبێت.

بۆ زیاتر گەشەسەندنی پێوەندییە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی ئاسانتر، پێویستە بانکە تورکیەکان لە هەولێر لقەکانیان بکەنەوە



پێوەندییە ئابووریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بوونە پێکهێنەری سەرەتایەکی زۆر جوان



**پرۆفیسۆر چیم کۆفمان ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی لیهی (Lehigh) و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر شەڕ و کۆمەڵگەکان، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، ناسیۆنالیزم و کێشە ئیتنییەکان، لە چوارچێوەی ئەم تایبەتمەندییەدا بایەخێکی گرنگی بەکورد داوە و چەندین وتاری تایبەتیشی لەسەر پرسی کورد و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆ گوڵان نوسیووە، پرۆفیسۆر کۆفمان لەم دیمانەیەی ئەمجارەدا فراوانتر لەسەر کێشەکان راوەستاوین و بێجگە لە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق باسمان لە گرنگی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و پرۆسەی سیاسیی عێراقیش کردووە، سەبارەت بەم پرسانە پرۆفیسۆر کۆفمان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

چیم کۆفمان بۆ گوڵان:

# بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا پێوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا گرنگ نین بەڵکو پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەنکەراشدا گرنگە

*** سەرەتا دوای ئاشکراکردنی هەڵبژاردنەکان چۆن بارودۆخی عێراق دەخوێنن‌ەوە بە تایبەتی لە رووی هەوڵدانی لایەنە جیاوازەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانن حکومەت پێکبهێنن؟**

- لە راستیدا ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی تا چ رادەیەك مالیکی سەرکەوتوو دەبێت لە گۆڕینی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەبەرژەوەندی خۆی؟، چونکە ئێمە دەزانین پێش هەڵبژاردنەکان مالیکی توانیوێتی چەندین پاڵێوراوی سوننی دووربخاتەوە و بێبەشیان بکات لە بەشداریکردن، هەروەها دوای هەڵبژاردنەکانیش توانیوێتی یەکێك لە پاڵێوراوە سەرکەوتووەکان دووربخاتەوە. هەرچۆنێك بێت لە رۆژنامەکانی ئەمریکادا باس لەوە دەکرێت ئەمە بۆتەهۆی نائومێدکردنی سوننەکان کە ئەمەش ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت سەربکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆیی.

*** بەڵام ئایا دواخستنی پێکهێنانی حکومەت کاریگەری نابێت لەسەر پرۆسەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا؟ واتە ئایا ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی ئیدارەی ئۆباما ناچاربێت پێداچوونەوە بە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکان بدات؟**

- پێموانییە هیچ حکومەتێکی عێراقی داوا لە ئەمریکا بکات بۆ ماوەیەکی زیاتر هێزەکانی لە عێراقدا جێگیر بکات، کە ئەمەش روونەدات، ئەمریکا ناتوانێت پاساوێکی دیکە بۆ هێشتنەوەی هێزەکانی بهێنێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەمریکاش خوازیار نییە بۆ ماوەیەکی زیاتر ئەو هێزانە لە عێراقدا جێگیربکرێن. تەنیا ئەو کاتە نەبێت ئەگەر هاتوو مانۆڕەکانی مالیکی ببنەهۆی تورەکردنی سوننەکان و توندوتیژی و شەڕێکی بەربڵاو رووبدات، تەنیا ئەو کاتە هەندێ لە نوخبەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا –نەك رای گشتی ئەو وڵاتە- داوای پێداچوونەوە بە بڕیاری کشاندنەوەدا دەکەن. لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا ئەو کاتە زۆر خۆشحاڵ دەبێت کە عەللاوی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، ئەویش لە ئەنجامی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەك بێت لە نێوان لیستی دەوڵەتی قانون و هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی ئەلعێراقیە، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی گۆشەگیرکردنی رەوتی سەدر کە بزووتنەوەیەکە دژی ئەمریکا کاردەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا بە هەر ئەنجامێکی دیکە رازی دەبێت بە مەرجێك سەرنەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی.

*** ئایا چۆن لە کاریگەریە خراپەکانی دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق دەڕوانن لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا، بە تایبەتی لە رووی پاڵپشتی کردن لە هێزە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە؟**

- لە راستیدا رەنگە ئەمە ببێتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئەمریکا ناچار دەکات هێزەکانی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە عێراقدا جێگیر بکات. ئێمە دەزانین ئێران لە رووی دارایی و دابینکردنی چەکەوە پشتیوانی لە چەند گرووپێکی عێراقی کردووە، هەروەها باوەڕم وانییە ئێران مەودای دەستێوەردانەکەی زیاتر بکات، بە مەرجێك ئەو هێزانە لە عێراقدا جڵەوی حکومڕانی بگرنەدەست کە جێی رەزامەندی ئێرانن، واتە لەو باوەڕدانیم ئاستی بایەخپێدانی ئێران

بگاتە ئەو رادەیەی هێزە چەکدارەکانی رەوانەی عێراق بکات، یاخود لەو باوەڕدانیم ئێران ئەوەندە بێئاگابێت کارێکی لەم چەشنە بکات کە خۆی بکاتە لایەنێك لە شەڕی ناوخۆیی، یان خۆی تێوەبگلێنێت و بچێتە شەڕەوە لەگەڵ ئەمریکا.

*** ئایا ئەمریکا دەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی رێگە لەم وڵاتانە بگرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بارودۆخی ناوخۆی عێراق نەکەن؟**

- ئێمە دەزانین هەموو لایەك کەم تا زۆر دەستێوەردان دەکەن لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا، ئەمریکا دەستێوەردان دەکات، ئێران ئەم کارە دەکات هەروەها سعودیە و تورکیا و سوریاش ئەم کارە دەکەن. ئێمە ئەو راستیە دەزانین کە هیچ لایەك خۆشحاڵ نەبوون بە رەوانەکردنی هێزی چەکدار لە لایەن ئەمریکاوە بۆ عێراق، هەروەها بە کشاندنەوەی ئەو هێزانەش هیچ وڵاتێك ئامادەنابێت هێز رەوانەی عێراق بکات، چونکە رەنگە ئەمە ببێتەهۆی ئەوەی جارێکی دیکە ئەمریکا بگەڕێتەوە و هێز رەوانەی ئەم وڵاتە بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە پێموانییە ئەمریکا بیەوێت یاخود بتوانێت سنوورێك بۆ ئەم دەستێوەردانانە دابنێت، بۆ نموونە ئەگەر بیەوێت کۆتایی بە دەستێوەردانی ئێران دابنێت، دەبێت شەڕ لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەرپا بکات، ئەمریکاش نایەوێت ئەم کارە بکات.

*** چۆن لە بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەڕوانن؟**

- پێش سێ ساڵ دوو وتارم بۆ گوڵان نووسی و راسپاردەی ئەوەم کردبوو ئەگەر کوردەکان خوازیاری پاراستنی ئۆتۆنۆمییەکەیانن، ئەوا دەبێت کار بۆ هێنانەدی داواکارییەکانی تورکیا بکەن بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە کێشەی پەکەکەوە هەبێت، کە بەپێی تێگەیشتنی من هەردوو پارتە سەرەکییەکە ئەم کارەیان کردووە، کە ئەویش رێگەنەدانە بە پەکەکە بەوەی نەوایەکی ئارامی هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمە یەکێکە لە راستیەکانی ژیان و دەبێت ئێوە خۆتانی لەگەڵدا بگونجێنن.

*** لە عێراقدا ناسنامەیەکی نیشتمانی لە ئارادانییە، بە چەشنێك هەموو پێکهاتەیەك ناسنامەی تایبەت بە خۆی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە لە غیابی ئەم ناسنامە هاوبەشەدا چۆن وڵاتەکە دەتوانێت یەکێتی خۆی بپارێزێت؟**

- پێموایە حاڵی حازر عێراق بە باشی یەکێتی خۆی پاراستووە، بەڵام ئەگەر مەبەستتان ئەوەبێت ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کوردەکان جیاببنەوە و جاڕی سەربەخۆیی بدەن، ئەوا دەڵێم ئەمە کارێکی مومکین نییە، چونکە وڵاتگەلێکی بەهێزتر لە ئێوە وەك ئێران و تورکیا بەرهەڵستی ئەم کارە دەکەن. لە لایەکی دیکەوە، پێموایە ئەو راپرسیەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەنجامدرا و ئەو پرسیارەی لە خۆگرتبوو ئایا لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندایت کە ئەنجامەکەی بە رێژەی لە سەدا ٩٨ بە بەڵێ بوو، پێموایە ئەنجامدانی ئەو راپرسیە کارێکی هەڵەبوو، لەبەر ئەوەی ئاستی ئومێد و چاوەڕوانی خەڵکی بەرزکردەوە و وای لێکردن ئەو قەناعەتەیان لادروست بێت کە هێنانەدی ئەو ئامانجە نزیك بۆتەوە، ئەمە لە کاتێکدا هەموو لایەك دەزانن کە ئەوە مومکین نییە لە ئێستادا.

*** تا چ رادەیەك کرانەوەی سیاسەتی تورکیا دەبێتە هۆکاری پتەوکردن و مایەی بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان؟**

- پێموایە ئەوەی بۆ کوردەکان گرنگە بریتی نییە لە پێوەندییەکانیان بە بەغداوە، بەڵکو بریتییە لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەنقەرەدا. ئەوەش راستە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە تورکیا کێشەی نییە لەگەڵ ئەوەی کوردستان لە رووی ئەمری واقیعەوە سەربەخۆیە، بەڵام هیچ بەرەوپێشچوونێك نابێتەهۆی ئەوەی تورکیا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت رازی بێت کوردەکان بە رەسمی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان رابگەیەنن.

*** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا بایەخ بە سەقامگیری عێراق دەدات، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ئەمە پێویستی بە بوونی کولتوورێکی دیموکراتی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەمریکا لەم رووەوە بایەخ بەم پرسە دەدات بۆ ئەوەی هەیبەت و پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا لەدەست نەدات؟**

- کێشەکە ئەوەیە هیچ وڵاتێك ئامادەنییە ئەو وزە و هێز و توانایەی پێویستە لە عێراقدا بیخاتەگەڕ، بۆنموونە ئەگەر کورد و عەرەبەکان لەسەر شتێك هاوڕابن، ئەوا لەسەر ئەوە هاوڕان کە کوردەکان عێراقی نین، لە هەمان کاتدا گۆڕینی سنوورەکانی ئێستای عێراقیش مایەی مەترسی و هەڕەشەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کە زۆر بە تواناترن لە عێراق. هەروەها ئەوەی پێوەندی بە ئەمریکاوە هەبێت، باوەڕم وایە ئەمریکا سێ نیگەرانی سەرەکی هەیە کە هیچیان پێوەندیان بە عێراق و کوردستانەوە نییە، یەکەمیان کۆتایی هێنانە بە شەڕی ئەفغانستان، ئەمە ئەولەویەتی یەکەمی ئەمریکایە، کە چۆن بە کەمترین خەسارەت ئەو شەڕە کۆتایی پێبێت، دووەمیان ئیحتیواکردنی ئێرانە بە چەشنێك نەتوانێت مەودا و ئاستی دەستێوەردانەکانی لە عێراق و وڵاتانی کەنداودا زیاتر بکات. سێیەمیان کێشەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێرانە، کە لە ئەمریکا دوو هەڵوێستی جیاواز هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە، یەکەمیان کۆمارییەکان پێیانوایە دەبێت لە رێی بەکارهێنانی هێزەوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام نە سوپای ئەمریکا و نە دیموکراتەکانیش ئەوەندە بێئاگان پەنا بۆ رێگەچارەیەکی ئاوا ببەن. کەواتە ئەمریکا بایەخێکی کەمتر بە عێراق و کوردستان دەدات و لە رابردوودا ئەوەم خستەڕوو کە گرنگی پێدانی ئەمریکا بە کوردستان کەم دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی کێشەی گەورەتر دێتەپێشەوە، ئێستا ئەمە روودەدات.

*** دوا وتەت چییە؟**

- رەنگە درێژەکێشانی گرژی نێوان شیعە و سوننەکان هەواڵێکی باش بێت بۆ کوردەکان، چونکە ئەمە بە مانای ئەوە دێت چیتر حکومەتێکی مەرکەزی یەکگرتوو لە بەغدا بوونی نییە کە هەوڵی بەرهەڵستی کردنی ئۆتۆنۆمی کوردەکان بدات، بەڵام دەبێت لە هەمان کاتدا ئەوەتان لەبەرچاوبێت ئەمە بۆ تا هەتایە درێژە ناکێشێت و لە هەمان کاتدا نابێت هەوڵی ئەوە بدەن ببنە تەرەفێك لەم کێشەیەدا، چونکە ئەمە ئەنجامی پێچەوانەوەی لێدەکەوێتەوە و دەبێتەهۆی ئەوەی شیعە و سوننەکان لێکنزیك ببنەوە. لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەن و چاودێری بارودۆخەکە بکەن و ئومێدی ئەوە بخوازن حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز لە بەغدا دروست نەبێت.

**ئەگەر کوردەکان خوازیاری پاراستنی ئۆتۆنۆمییەکەیانن، ئەوا دەبێت کار بۆ هێنانەدی داواکارییەکانی تورکیا بکەن بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە کێشەی پەکەکەوە هەبێت**

**هەموو لایەک کەم تا زۆر دەستێوەردان دەکەن لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا، ئەمریکا دەستێوەردان دەکات، ئێران ئەم کارە دەکات هەروەها سعودیە و تورکیا و سوریاش ئەم کارە دەکەن**



شەریف بایرام ئەندامی پلاتفۆرمی پشتگیرکردن لە کرانەوەو دیموکراتی تورکیا لە ساڵی ١٩٥٨ لە ماردین لە دایکبووەو بەرپرسی دیالۆگی نێوان دامەزراوە دیموکراتییەکانی تورکیاشە، بۆ قسەکردن لەبایەخی هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ کرانەوەو ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و کاریگەری ئەم دوو لایەنە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا بە رێگەی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانە، بەڕێز شەریف بایرام بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن.

کوردی عێراق و کوردی تورکیا خوازیاری دیموکراتین و دەیانەوێت سیستمێکی دیموکراتی بێتە ئاراوە

شەریف بایرام بۆ گوڵان:

# پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە دەچن و هەموولایەک لێی سوودمەند دەبین

*** بەڕێزت وەك ئەندامی پلاتفۆرمی هەنگاوەکانی کرانەوەی دیموکراتی لە تورکیا، چۆن سەیری ئەو هەوڵانەی ئێستای تورکیا دەکەن بۆ کرانەوەو چارەسەری کێشەکان بە شێوازی دیموکراتیانە ؟ ئایا تاچەند ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەدا؟**

- ئێمە وەکو پلاتفۆرمی کرانەوەی دیموکراتی لە تورکیا بۆچوونی خۆمان پێشتر لەمبارەیەوە راگەیاندووەو پێمانوایە کە هەموو کێشەکان بە رێگەی دیموکراتی و تێگەیشتنی نێوان هەردوولا چارەسەر دەکرێن، سەبارەت بە پێوەندی ئاسایی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیش دەڵێم: کوردی عێراق و کوردی تورکیاش خوازیاری دیموکراتین و دەیانەوێت سیستمێکی دیموکراتی بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی هەم پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان باشتر بێت، کە ئەمە سوود و بەرژەوەندی هەردوولای تێدایە، هەمیش دەبێتە هەنگاوێك بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیاشدا.

*** ئێوە وەك پلاتفۆرمی پشتگیریکردن لە کرانەوەو دیموکراتی لە تورکیا چۆن سەیری ئاستی بەرەو پێشەوە چوونی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکەن، ئایا تاچەند ئەم پێوەندییانە بێجگە لەلایەنە ئابوورییەکەی رەهەندی دیکەشی لێدەخوێنرێتەوە؟**

- ئێمەش پێمان وایە دەبێت پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان فراوانتر بکرێت، زیاتر گەشە بکات و ئێمە پشتگیری لێدەکەین.لە ئاستی ناوچەکەش بە پێویستی دەزانم نووسینگەیەکی فەرمی هەرێمی کوردستانی عێراق لە دیاربەکر بکرێتەوە، بۆ زیاتر تێکەڵبوون و نەهێشتنی کەموکورتییەکانی دیالۆگ لەنێوان هەردوولادا. لە لایەنی کولتووریشەوە کەموکورتییەکی بەرچاو هەیە، چونکە ئێمە وەك میللەتی کورد ناوەندێکی ئەوتۆمان نییە بۆ گەشەپێدانی کولتورو دابونەریتمان و پێویستیشمان بە ناوەندێکی وا هەیە و بەگرنگیشی دەزانین. هەروەها ئێمە وای دەبینین ئەگەر گشت بەها و مافەکانی کورد نەپارێزرێت، ئەوا لە تورکیا دیموکراسی سەرکەتوو نابێت و هەنگاوەکانی کرانەوەش ئامانجەکانی خۆی بەدەست ناهێنێت. بۆیە پێویستە مافی کورد لە تورکیا بدرێ و ئاستی ژیانی کوردەکان بەرەو پێش ببرێ، لەم رووەوەش هەوڵو کۆششەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق جێی رێزگرتنە، ئێمە وەك پلاتفۆرمی کرانەوەی دیموکراتی لە تورکیا هیواخوازی بەهێزکردن و بەردەوامی پەیوەندییەکانمانین لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. حەزدەکەم ئامادەباشی خۆمان دەربخەم بۆ یارمەتیدانی بەڕێزیان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی هەوڵ و کۆششەکانی بەڕێزیان بۆ کوردەکانی تورکیا.ئێمە لەم بوارە هەوڵی خۆمان خستۆتە گەڕ و بەردەوام دەبین، توانیومانە بۆ یەکەمین جار لە تورکیا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەنگاوەکانی کرانەوەو دیموکراتی کۆڕێکی فراوان لە تورکیا و بەبەشداری کۆمەڵێکی باش لە نووسەران و رۆژنامەنووسان و

بە پێویستی دەزانم نووسینگەیەکی فەرمی هەرێمی کوردستانی عێراق لە دیاربەکر بکرێتەوە، بۆ زیاتر تێکەڵبوون و نەهێشتنی کەموکورتییەکانی دیالۆگ لەنێوان هەردوولادا

روناکبیران گرێبدەین و ئێستاش خەریکی بەستنی کۆنگرەیەکین،خۆشحاڵ دەبین ئەگەر چەند ئەندام پەرلەمانێکی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئاشنابوون بە بیروبۆچوونی ئەوانیش لەو کۆنگرەیەدا بەشداریمان بکەن ئێمە هەوڵدەدەین داوەتیان بکەین. هەروەها لە داهاتوویەکی نزیکدا بەنیازی بەستنی هەمان کۆنگرەین لە دیاربەکر و مەبەستمان ئەوەیە بیروبۆچوونە جیاوازەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان کۆبکەینەوە.

*** فراوانبوونی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەلایەك دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا ببێتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ تورکیا، لەلایەکی دیکە هەرێمی کوردستان دەبێتە دەروازەیەکی گرنگی عێراقیش بۆ تورکیا، ئەمەش واتە پێوەندی و هاتوچۆی نێوان هەردوولا زیاتر دەبێت، ئایا تاچەند تورکیا ئاسانکاری پێشکەش دەکات بۆ ئەمجۆرە پەیوەندییانە، بەتایبەتی لەرووی پێدانی ڤیزە بۆ هاوولاتیان و کەوتنەگەری هێڵی ئاسمانی تورکیا بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئەوەی هاوولاتیان ئاسانتر لە جاران بتوانن سەردانی تورکیا بکەن؟**

- فرۆکەخانەی دیاربەکر هێشتا بۆ ترافیکی رێگای ئاسمانی نێودەوڵەتی نەکراوەتەوە و حکومەتی تورکیا لەم بارەیەوە کێشە و تەگەرەی زۆری لەپێشە لەوانە پارتەکانی DTP،MHP،CHP کە سەبارەت بە کێشەی کورد بەربەستن و رێگا لە چالاکییەکانی حکومەتی AKP دەگرن. تا ئەم بەربەستانە هەڵنەگیرێ و پاڵپشتی هەوڵەکانی حکومەت نەکرێ، ناتوانرێ رێگا بۆ چالاکییەکانی حکومەت خۆش بکرێ بۆ چارەسەری کێشەی کورد. بۆیە پێویستە دامەزراوەکانی تورکیا لە هەوڵەکانیان بەردەوام پشتگیری حکومەت بۆ سەرکەوتنی ئەم هەوڵانە بکەن..لەگەڵ ئەوەی ئێمە لایەنگرانی پارتی AKP نین و دژی هەندێ بیرۆکەی AKP ین، بەڵام لەرووی کرانەوەی دیموکراتی پاڵپشتی دەکەین، چونکە دەیەوێ دیموکراتی باڵ بەسەر ناوچەکە بکێشێ. بەڵام ئاستەنگەکانی بەردەم حکومەت بۆ کرانەوە زۆرن، ئەمەش کاری کردۆتە سەر رێگا ئاسمانییەکان و گەشتوگوزار و گشت بوارەکان. ئەمەش کێشە بۆ ئێمە دەنێتەوە. ئێمە وەك پلاتفۆرمی کرانەوەی دیموکراتی هیواخوازین لە ناوچەکەدا هەموو لایەنەکان گەشەبسەنن بۆ دروست کردنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئێمە لەو باوەرەداین کە تا جەخت لە حکومەت بکرێ لە لایەن خەڵکەوە حکومەت ئەوەندە زیاتر هەوڵ دەدا بۆ بەرەوپێشبردن و زیاترکردنی هەوڵەکانی لەم پێناوەدا. ئێمەش لە هەوڵەکانمان بەردەوامین لەم رووەوە و ئینشائەڵا ئومێدەوارین لە هەولێر و کەرکوك و سلێمانی و موسڵ و گشت ناوچەکانی هەرێمی کوردستان فرۆکەخانە و گەشتی ئاسمانی راستەوخۆ لەگەڵ تورکیا بکرێتەوە.چونکە ئەمە بۆ پەرەپێدان و پتەوکردنی پێوەندییەکانمان زۆر گرنگە.ئەگەر ئەمەش هاتە دی ئەوا خاوەنی دیالۆگێکی باش دەبین و گشت کێشەکانمان بە شێوەیەکی دیموکراسی چارەسەر دەبێ.

*** تورکیا لەگەڵ ئەوەی زۆرترین کاری وەبەرهێنان و بزنسی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام هەتا ئێستا بانکێکی تورکی لە هەرێمی کوردستاندا نییە، ئایا دوای ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ئاسایی بۆتەوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بانکێکی تورکی لەهەرێمی کوردستان بکرێتەوە؟**

- بەڵێ بەدڵنیاییەوە کاتی ئەمە هاتووە، هەروەك ئاگادارم خاوەنکارەکانمان لە هەرێمی کوردستانی عێراق پرۆژەی وەبەرهێنانی گەورە جێبەجێ دەکەن.لەم رووەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر هاوکارییان دەکات.ئەم ئاڵوگۆرەی پارە تەنها لەرێی بانکەکانەوە ئەنجام دەدرێ، بۆیە پێویستە بانکی تورکی لە هەولێر دابمەزرێ، لەبەر ئەوەی هەولێر لە چاو ناوچەکانی دیکەی عێراق زۆر ئارامترە و لەرووی گەشەسەندنەوە زۆر گونجاوە. هەروەها جگە لە بانك پێویستە چەند سەنتەرێك لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێ بۆ یارمەتی دانی کۆمپانیا تورکەکان بۆ دامەزران لەوێ بەپێی هەلومەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان.خۆزگەی من ئەوەیە چۆن ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە بانکێکی تورکی لەهەرێمی کوردستان دەکاتەوە، بانکێکی هەرێمی کوردستانیش لقێکی خۆی لەتورکیا بکاتەوە. زۆر گرنگە ئەگەر بێتو ئەم هەنگاوە بەرامبەریانە دروست بێ.وەزیری ناوخۆی تورکیا لە کۆنگرەکەمان بەشدار بوو لە وتەکەیدا ئەمەی دوپات کردەوە کەوا ئەوان لەم هەنگاوانەیان رووەو باشکردن و بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکان زۆر جیددین.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بوونی کولتووری هاوبەشە لە نێوان هەردوولادا، بەتایبەتی کولتووری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵایەتی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، پرسیار ئەوەیە تاچەند ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر فراوبوونی ئەم پەیوەندییە کولتوورییە؟**

- هەروەك باسم کرد کاریگەری گەورەی هەیە، چونکە کێشەی سەرەکی کۆمپانیاکانمان لە ناوچەی کوردستان زمانە و پێویستە حکومەتی هەردوولا بۆ دروستکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و نەهێشتنی کێشەی زمان هەوڵ بدەن. چونکە خەڵکی ئەم ناوچەیە بران لە رووی دین،زمان،داب و نەریت هاوبەشن و مێژوویەکی دێرینیان هەیە هەر بۆیەش ئەم پێوەندییانەیان گەرەکە.

*** ئایا تۆ خۆت چۆن داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبینیت؟**

من لەم رووەوە زۆر گەشبینم و پێموایە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان زیاتر گەشە دەسەنێت، چونکە تورکیا بۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەروازەی پێوەندییە لەگەڵ ئەورووپا، بۆیە پێویستە پێوەندییەکان گەشەی پێبدرێ. هەروەها بۆ لەبیر بردنەوەی ئەو شەر و شۆرە زۆرەی کە لە ناوچەکانی کورد روویداوە، تورکیا پێویستە رۆڵێکی گرنگ بگێرێ.ئەمەش بۆ تورکیا و بۆ عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش زۆر گرنگە و پێویستە ئەم پەیوەندییە بە بەردەوامی گرنگی پێ بدرێ بۆ سوودمەندی هەموو لایەك بێت.

**گەر گشت بەها و مافەکانی کورد نەپارێزرێت، ئەوا لە تورکیا دیموکراسی سەرکەتوو نابێت و هەنگاوەکانی کرانەوەش ئامانجەکانی خۆی بەدەست ناهێنێت**

**پێویستە بانکی تورکی لە هەولێر دابمەزرێ، لەبەر ئەوەی هەولێر لە چاو ناوچەکانی دیکەی عێراق زۆر ئارامترە و لەرووی گەشەسەندنەوە زۆر گونجاوە**

**تورکیا بۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەروازەی پێوەندییە لەگەڵ ئەورووپا**

# ڕۆشنبیر لە نێوان
# ئەرکە نەتەوەیی و مەعریفییەکانیدا

**لە بیرەوەری ٣٤ ساڵەی شۆڕشی گوڵاندا، ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد کە لەگەڵ شەش هەڤاڵ و برای خۆشەویست ڕۆژی ١٩٧٨/٩/٢٤ لەناوچەی بەری گارەی سەر بە قەزای ئامێدی پێوەندیمان کرد بە شۆڕشی گوڵان و خەباتی پێشمەرگایەتیشمان ڕۆژی دواتر لەگەڵ مەفرەزەکەی شەهید وەیسی بانی بوو لە گوندی دێڕەش دەستی پێکرد. ئێمە هەر حەوتمان (شەهید هاوار ئاکرەیی، شەهید شوان اسماعیل، شەهید ڕێبوار ئاکرەیی، کاروان ئاکرەیی، سەردار ئامێدی،ئاسۆ کەریم، شەماڵ حەوێزی) پێش پێوەندی کردنمان بە شۆڕش فەرمانبەر بووین و لە ڕۆژگارێکی سەختدا پێکەوە ڕێگەی خەباتی چەکداریمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی) دا هەڵبژارد، ئەو ڕۆژەش کە شارمان ڕووەو شاخ بەجێهێشت بۆ سەلامەتی گەیشتنمان بە شوێنی مەبەست و بە ئاسانی دەربازبوون لە بازگەکانی ئەمن و موخابەراتی حکومەتی بەعس نەخزم و کەسوکارمان ئاگارکردەوە نە پرێسکەیەکی بچوکیشمان لەگەڵ خۆماندا برد. مەبەستم لەم یادەوەرییە کورتە ئەوە نییە باس لەم بابەتە بکەم کە ئاوێکی زۆر هەڵدەگرێت و ڕۆشنایی دەخاتە سەر زۆر لایەن و ڕاستی شاراوە و شێواندراوی ئەو کات و دواتری مێژووی ڕێکخراوە نهێنییە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی داپڵۆسێنەری بەعس، با لێدوان لەم بابەتە بۆ کاتێك و دەرفەتێکی دیکە بێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە گرێدانی ئەم وەبیرهاتنەوەیە هەق و ڕەوایەیە بە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان وەك دەسپێکی بابەتی نوسینەکەم، هیواداریشم ئەو مەبەستەی دەمەوێت بتوانم بیپێکم.**




د. شەماڵ حەوێزی

sh.a007@yahoo.com


**(١)**

ڕۆشنبیر هەردەم کاریگەریی ئەو کۆمەڵگایەی لە سەرە کە تیایدا دەژی، ئەویش بە دەوری خۆی کار لە باری ڕۆشنبیری کۆمەڵگا دەکات، ڕۆشنبیریش بەگشتی بەرهەمی فیکریی مرۆڤەکان و کارلێکردنیانە و ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەرهەمی دێنێ. سەرچاوەی ڕۆشنبیری هەر تاکێك کۆمەڵگایە، بەڵام مەرج نییە تاك هەڵگری هەموو توخمەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەی خۆی بێت. ڕۆشنبیر لە هەر کۆمەڵگایەدا هەندێك زانیاریی گشتی کەڵەکە دەکات، بەڵام بەدەستهێنانی زانیاریی گشتیی کۆکراوە بە بێ هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە و ئاراستەیەیەکی فیکری، دەبێتە هۆی ئەوەی خاوەنەکەی پێی وابێ زۆر دەزانێ و ئەوەی بە مێشکدا نایە کە ئەو جۆرە زانیارییە گشتیانە نابنە هۆی خولقاندنی ڕۆشنبیرێکی ڕەسەن وداهێنەر. ڕۆشنبیر خەسڵەتێکە لە وڵاتی ئێمەدا بە خوێندەوار دەبەخشرێت،بە تایبەتیش بە دەرچووی پەیمانگا و زانکۆکان.

زۆربەی پێناسەکانی چەمکی "ڕۆشنبیری: جەخت دەکەنە سەر گرنگی فێربوون وەك توخمێکی سەرەکی بۆ کەڵەکە بوون و گەشەپێدانی ڕۆشنبیری. بێگومان هەر کۆمەڵگەیەك ڕۆشنبیری (کولتور) تایبەت بە خۆی هەیە کە زادەی چالاکییە مرۆییە کەڵەکەبووەکانە بە درێژایی وەچە یەك بەدوا یەکەکاندا.جیاوازی کولتور لە کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە زێدەبوون و کەڵەکەبوونی کولتوور لە ڕووی چۆنییەتی و چەندایەتییەوە بە درێژایی مێژوو. هەر کۆمەڵگایەك کولتووری تایبەتی خۆی هەیە و هیچ کۆمەڵگایەکیش بێ کولتور نییە، چونکە کولتوور شێوازی ژیانە، بەڵام لە شێوەی پلەی گەرمیدایە، جاری وا هەیە ئاستەکەی بەرزە وجاریش هەیە لە ئاستەکەی نزمە.

**(٢)**

بەراورد کردن لە نێوان ئاستی ڕۆشنبیری دوو یان پتر لە دوو قۆناغی ژیان، یاخود دوو وەچەدا کارێکی سانا نییە و هەر سەردەمە تایبەتمەندی خۆی هەیە و ناکرێت ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان و بزاڤە ڕۆشنبیرییەکەی بە هەمان پێوەری پێش ٣٠ ساڵ بپێوین، یاخود دەقاو دەق بەو بارودۆخەی بەراورد بکەین کە لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەبوون، هەرچەندە ئەمە لایەنێکی مەسەلەکەیە و لایەنەکەی دیکەشی ئەوەیە کە ئەمڕۆش لە دوێنێ دابڕاو نییە و ئەوەی ئێستا هەیە درێژە پێدەری سەرجەم توخمە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکانی پێشترە لە هەلومەرجێکی دیکە و جیاوازدا. هەر بۆ نموونە هیچ نەبێ لاوی کورد ئەمڕۆ بە زۆر عەسکەری پێناکرێت و نابردرێت بۆ شەڕێکی ماڵوێرانکەرانە لەگەڵ دەوڵەتێکی دراوسێی عێراق، هەروەها مەترسی ئەوەی لەسەرنییە کە دەزگایەکی ئەمنی عێراقی لەسەر خەباتی کوردایەتی سزا و ئەشکەنجەی بدات و ژیانی بەردەوام لە مەترسیدا

بێت، هەروەها ئەرکی خەباتکردنیشی لە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی چەکداری لەسەر لاچووە.

ئەگەر دیقەت لە بزاڤی رۆشنبیری و هونەری ئەمڕۆی کوردستان بکەین دەبینین گەشەکردنەکەی پتر ئاسۆییە نەك ستوونی، یان بە شێوەیەکی دیکە گەشەسەندێکی چەندایەتییە پتر لەوەی چلۆنایەتی بێت. هەر بۆیەش هەست کردنێك هەیە بە پاشەکشەکرنی کولتوریی ئینتما بۆنەتەوە و قووڵی توانا مەعریفییەکان لەسەر ئاستی تاکدا بە بەراورد لە گەڵ هەبوونی ئەم هەموو دامودەزگا و سەرچاوە بەرفراوانە مەعریفیانە و رووناکبیرییانە بۆ تاکی کورد لەسەردەمی ئێستادا، ئەگەر ئاستی رۆشنبیری لە پاکشەدا نەبێت ئەوا لە ئاستی ئەو شۆڕشە مەعلوماتییەدا نییە کە سەرتاپای دنیای گرتۆتەوە.

**(٣)**

زۆر جار باس لە بوونی رۆشنبیر یان کەسایەتییەکی مەعریفی بێ ئینتما یان بێ ناسنامەیەکی نەتەوەیی دەکرێت، رەنگبێت ئەمە بۆ تاکی نەتەوەیەکی دیکە بچێتە سەر، بەڵام بۆ تاکی کورد کە نەك هەر کیانێکی سەربەخۆی نەتەوەیی نییە، بەڵکو لەلایەك ژیانی کولتووری بەردەوام دەکەوێتە بەر پەلامار و هەوڵی تواندنەوە و شێواندن لە لایەن مونافیسە نەتەوەییەکانییەوە، لەلایەکی دیکەوە تەوژمی بەهێزەی عەولەمە و ئازادییە رەهاکانی تاك و مۆدیلی تازەگەرایی بێ ئینتما و سەرەڕۆ وایکردووە ئەرکە نەتەوەییەکان تا رادەیەکی زۆر فەرامۆش بکرێت، مەترسییەکەش لەوەدایە کە ئەم تەوژمە نەك تای تەرازووەکە هەر لاسەنگ دەکات، بەڵکو هیچ چوارچێوەیەکیش بۆ پێکەوەژیانی ((لە چوارچیوەی چەمکی یەکگرتن وململانێ)) دژەکان قبوڵ ناکات و بەمەش فەزایەك دێتەکایە کە هەر هەموو دەسکەوتەکان و هەبووە نەتەوەیی و تەنانەت مەعریفییەکانیش دەخاتە مەترسییەوە. ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەرە لەپێشی ئەمڕۆی سەرجەم رۆشنبیران داکۆکی کردن و بەشداریکردنە لە پاراستنی ئەو کیانە سیاسییەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، کە پێم وایە هیچ تاکێکی کورد ناتوانێت نکوڵی لە زەرورەت و سوودە بەربڵاوەکانی بکات. لەم پێودانگەدا هیچ نەبێت با سەرنجێکی هەڵوێستی رۆشنبیرانی هەندێك لە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدەین لە کاتی بوونی مەترسی لەسەر ئەمن و کیانی نەتەوەییان. ئەم داکۆکی کردنەش بە هیچ کلۆجێك مانای ئەوە نییە کە رۆشنبیران ئەرکە دیموکراتی و مەعریفییەکانیان فەرامۆش بکەن، یان رەخنە لە سیاسەت و رەفتارەکانی دەسەڵات و حکومەت نەگرن. نەخێر مەبەست ئەوەیە ئەرکە نەتەوەییەکان لە بارودۆخی گشتیی ئێستای کوردستاندا نەکرێنە قوربانی هەڵوێست و رەخنەی نامەسئولانە و ئاڵۆزکارانەی ئەوتۆ کە سەرجەم پرۆسەکە بخاتە بەر مەترسییەوە و لە ئاکامدا هەم لە قەلان بین و هەم لە کۆتران. ئەم رووداوەی کە لە سەرەتای ئەم نووسینەشدا ئاماژەم پێی کرد نموونەیەکی روونی ناو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانە دەربارەی ئەولەوییەت بەخشین بە ئەرکە نەتەوەییەکان و فەرامۆش نەکردنی ئەرکە مەعریفی و دیموکراتییەکان.

**رۆشنبیری بەگشتی بەرهەمی فیکریی مرۆڤەکان و کارلێکردنیانە و رەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایە کە بەرهەمی دێنێ**

**هەست کردنێک هەیە بە پاشەکشەکرنی کولتوریی ئینتما بۆنەتەوە و قوڵی توانا مەعریفییەکان لەسەر ئاستی تاکدا بە بەراورد لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو دامودەزگا و سەرچاوە بەرفراوانە مەعریفیانە و رووناکبیرییانە بۆ تاکی کورد لەسەردەمی ئێستادا**





## بازنەی هەڵسەنگاندنی ڕۆشنبیر
## ئەو کۆمەڵگەیەیە ڕۆشنبیر کاری تێدادەکات

# ڕۆشنبیر ئەگەر کۆیلەی ئایدۆلۆژیابێت
# ناتوانێت کەلچەری دیموکراتی بەرهەم بێنێت

((گەورەترین کێشەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە هەوڵنادەن بزانن خۆیان کێن؟ ئایا ئەوان خەڵکانی پسپۆر و پرۆفیشناڵی ناو بوارە جیاوازەکانن و بەخێرایی لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییەکان خۆیان دەگونجێنن؟ یان لە ناخی خۆیاندا خۆیان بەسەربەخۆ دەزانن و تەنیا پابەندن بە هەقیقەتی مەعریفە و دەبنە هاندەر بۆ ئەو وتووێژە گشتیانەی لەناو رای گشتی باس و خواسیان لەسەر دەکرێت؟ ماوەیەکی دوور و درێژە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست ئەو جۆرە دەستەبژێرە ڕۆشنبیرانەوە دەیان ناڵاند، ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانە وازیان لە نەریتی فیکری و ئەقلانیەتی خۆیان هێنابوو، ئەو چەمکە مەعریفیانەی بەرهەمیان دەهێنا پێشکەشی بنەما نەگۆڕەکانی ئایدۆلۆژیەتێکیان دەکرد، وەک ئایدۆلۆژیەتی مارکسی یان ئایدۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسیی، ڕاستیە سیاسییەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بەو جۆرەی لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیان یەکبگرێتەوە تەفسیر دەکرد، چاویان لەڕاستیەکان دەنوقاند، ئەمەش گەورەترین خیانەت بوو لە پێگەی ڕۆشنبیریان لەناو کۆمەڵگەدا دەیانکرد))

رامین جیهانبگلو
بیرمەندی ئێرانی





## مایکل بیرتز بۆ گوڵان:

# رۆشنبیر ئەو کەسەیە هەڵدەستێت بە کاری بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و یارمەتی کۆمەڵگەکەی دەدات لە گفتوگۆکردن و مشتومڕکردن لە بارەی کێشە و پرسە جۆراجۆرەکانەوە



**پێوەری بەرەو پێشەوەچوونی کەڵچەری دیموکراتی تەنیا رێگەیە بۆ هەڵسەنگاندنی دیموکراتی لەو کۆمەڵگەیەنەدا**

**هەم خەڵکیش دەتوانن بناغەیەکی گونجاو بۆ دیموکراسی دابرێژن**

**هیچ سیستمێکی دیموکراتی سەرکەتوو نابێت و توانای مانەوەی نابێت، ئەگەر کەڵچەری (رەخنە، دیالۆگ، کێبرکێ و ململانێ، دروستکردنی موناقەشە لەناو رای گشتیدا) دروست نەبووبێت**

له کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکانی دوای قۆناغی رزگاری نیشتمانی و لەپرۆسەی دەستپێکردنی بونیادی دیموکراتی، زۆرکەم باسی پرۆسەی وەرچەرخانی کەڵچەری سیاسیی و بونیادی کەڵچەری سیاسی دیموکراتی دەکرێت، ئەمە وەك ئەوەیە ئەو پارت و لایەنە سیاسییانەی لە قۆناغی رزگاری نیشتمانی بۆ رزگاری و دیموکراتی تێکۆشانیان کردووە و قوربانیان داوە، بەسەرکەوتن لەو قۆناغە و دامەزراندنی دامەزراوە نیشتمانییەکان و وەرگرتنی شەرعیەتی جەماوەری لەرێگەی سندوقی دەنگدانەوە، ئیدی کەڵچەری دیموکراتی چەسپاوە و پێویستی بە بونیاد یان وەرچەرخان لە کەڵچەری سیاسیی شۆڕشگێڕیەوە بۆ کەڵچەری سیاسی دیموکراتی نییە، ئەمە یەکێکە لەو ئیشکالیەتانەی کە پێویستە رۆشنبیران لەو قۆناغە راگوزەرە و لە بونیادی کەڵچەری سیاسی دیموکراتیدا رۆڵی کاریگەریان هەبێت، لەمەش گرنگتر وەك پرۆفیسۆر ولیام میرڤین گادم پسپۆر لەسەر بونیادی دیموکراتی لە ئەفریقیای باشوور دەڵێت ((گرنگە لەو قۆناغە زێدەگۆیی لەسەر بەرەو پێشەوەچوونی بونیادی کەڵچەری سیاسی دیموکراتی نەکەین، لەبەر ئەوەی پێوەری بەرەو پێشەوەچوونی کەڵچەری دیموکراتی تەنیا رێگەیە بۆ هەڵسەنگاندنی دیموکراتی لەو کۆمەڵگەیەنەدا)) هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کەڵچەری دیموکراتی بڕیار لەسەر دامەزراوەکانی وڵات دەدات هەر بۆ نموونە:

١- ئایا حکومەت چۆن دەسەڵاتی پێدراوە و چۆن ئەو دەسەڵاتە پیادە دەکات؟

٢- کێن ئەوانەی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتیان لە حکومەتدا وەرگرتووە؟

٣- کێ رێگە دەدات بەو لایەنانەی کۆمەڵگە کە بەشداربن لە پرۆسەی سیاسیی و پرۆسەی بڕیار دروستکردندا؟

٤- هاووڵاتیان چۆن بەرپرسیاریەتی دەخەنە سەر شانی ئەو بەرپرسانەی دەنگیان پێداون؟

سەبارەت بە گرنگی بونیادی ئەم کەڵچەرە و رۆڵی رۆشنبیر لە بونیادی ئەم کەڵچەرە، پرۆفیسۆر مایکل بیتزەر لە لێدوانێکی بۆ ئەم راپۆرتە وتی : (پێمواية هەم رۆشنبیران و هەم خەڵکیش دەتوانن بناغەیەکی گونجاو بۆ دیموکراسی دابرێژن. مەسەلە سەرەکیەکە ئەوەیە ئایا ئێوە باس لەو جۆرە دیموکراسیە دەکەن کە تێیدا هەموو کەسێك مافی دەنگدانی هەیە و دەنگەکەشی کاریگەری هەیە لەسەر ئەو سیاسەتەی پیادە دەکرێت کە پێی دەوترێت دیموکراسیەتی بێگەرد. یاخود ئێوە باس لە دیموکراسیەتی کۆماری دەکەن کە هەموو کەسێك دەرفەتی ئەوەی هەیە نوێنەرەکانی خۆی هەڵبژێرێت کە ئەم نوێنەرانەش دواتر دەتوانن بڕیارەکانی پەیوەست بە نەتەوەوە دەربکەن. کەواتە بە شێوەیەی بەرفراوان رۆشنبیر بەو شێوەیە پێناسە کراوە کە کەسێکە هەڵدەستێت بە کاری بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و شیکردنەوەی وەك کەسێکی تایبەتمەند لە بوارێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت، هەروەها وا دەردەکەوێت کە یارمەتی کۆمەڵگەکەی دەدات لە گفتوگۆکردن و مشتومڕکردن لە بارەی کێشە و پرسە جۆراجۆرەکانەوە)).

کەواتە پرۆفیسۆر بیتزر رۆڵی رۆشنبیر وەك هاندەر بۆ وتوویژ و موناقەشەکردن لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان هاندەدا، بەڵام لێرەدا مەسەلەکە بەو جۆرە نییە ئەگەر کەڵچەری سیاسیی دیموکراتی لە کۆمەڵگە بوونی نەبوو یان لاواز بوو ئەم دامەزراوانە بونیان نەبێت، نەخێر کەڵچەری سیاسیی دیموکراتی بێت یان نە، رەنگدانەوەی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر چۆنیەتی تێڕوانینی هاووڵاتیان بۆ سیستمە سیاسییەکە دەبێت، وەك (دامەزراوەکانی راپەڕاندن، یاسادانان، دادوەری، پارتە سیاسییەکان، گروپ و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) لەمەش زیاتر رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر تەواوی پرۆسە سیاسییەکە و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەناو سیستمە سیاسییەکەدا.

کەواتە ئەم خستنەڕووە پێمان دەڵێت پێناسەی کەڵچەری سیاسی و بونیادی کەڵچەری سیاسیی دیموکراتی کارێکی ئاسان نییەو لە قۆناغی راگواستن لە کەڵچەری سیاسیی شۆڕشگێڕیەوە بۆ کەڵچەری سیاسیی دیموکراتی، رۆشنبیران ئەرکێکی گەلێك گرنگیان دەکەوێتە ئەستۆ و دەبێت لەئاستی ئەو ئەرکە قورس و مێژووییەدا رۆڵی کاریگەری خۆیان لەبیر نەکەن، ئەمەش واتە ((هیچ سیستمێکی دیموکراتی سەرکەتوو نابێت و توانای مانەوەی نابێت، ئەگەر کەڵچەری (رەخنە، دیالۆگ، کێبرکێ و ململانێ، دروستکردنی موناقەشە لەناو رای

## تۆماس کۆشمان بۆ گوڵان:

# زۆرجار رۆشنبیران دەبنە زمانحاڵی حزبەکان و رەنگە پاڵنەرەکەش هەمان پاڵنەری ئەو کەسانەی دیکە بێت کە دەچنە ناو پارتە سیاسییەکانەوە کە بریتین لە بەدەستهێنانی دەسەڵات، دارایی و پێگە و بەرپرسیارێتی



گشتیدا،) دروست نەبووبێت، هابرماس وتەنی ((کەڵچەری رەخنە و وتووێژی هاووڵاتیان لەسەر مەسەلە گشتییەکان، هاووڵاتیان دەباتە ناوەندی دروستکردنی بڕیارەوە))، ئەمەش واتە هاووڵاتیان لە ناوەندی دروستکردنی بڕیار دروستکردندا بونیان دەبێت و کار و بەرنامەی حکومەت هەڵدەسەنگێنن، ئەمەش رەنگدانەوەی پێگە و کاریگەری رۆشنبیرە لە ناو کۆمەڵگە کە دەبێتە هاندەر بۆ بزواندنی رای گشتی و دروستکردنی رای گشتی، بەلام پرسیار ئەوەیە کاتێك رۆشنبیر ئەو پێگە گرنگەی خۆی لەکۆمەڵگە ون دەکات و ئەو رۆڵە کاریگەرە ناتوانێت بگێڕێت. ئایا هۆکارەکەی چییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە و تایبەت بە رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رامین جیهانبگلو بیرمەندی ئێرانی لە زانکۆی تۆرنتۆی کەندی لە مونازەرەیەکدا لەگەڵ شلۆمۆ ئیڤینری ئوستادی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی حەیفا دەڵێت: ((هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو بەرهەمە مەعریفیەی رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی دەهێنن، لەنێو نەگۆڕە ئایدۆلۆژییەکاندا تەوزیفی دەکەن، وەك ئایدۆلۆژیەتی چەپی مارکسی و ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی ئیسلامی) بگلو پێیوایە ئەو دیاردەی ماکس ڤێبر پێی دەڵێت: بێ هیوابوون لە جیهان (disenchantment of the world)، لە دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی دەستی پێنەکردووە، هەتا بۆ رەواندنەوەی ئەو بێ ئومێدیە، دەست بەپرۆسەی رۆشنگەری و ئەقلانیەت بکەن، بە واتایەکی دیکە پرۆسەی رۆشنگەری و ئەقلانیەتی ئەورپا وەك ڤێبر دەڵێت لە بێ هیوابوون لە جیهانەوە دەستی پێکرد، واتە بێ هیوابوون لەو ئایدۆلۆژیەتە ئایینیەی کە پێش سەردەمی رۆشنگەری هەژموونی بەسەر ئەوروپادا کێشابوو، وایکرد کە رۆشنبیران دەست بکەن بە پڕۆژەی رۆشنگەری و ئاقلانیەت، کەواتە پڕۆژەی رۆشنگەری لە ئەورپا لەو دەنگەوە دەستی پێکرد کە رۆشنبیران لە ژێر وەسایەی ئایدۆلۆژیەتی باوی سەردەم هاتنە دەرەوە و بە راگەیاندی سەربەخۆیی خۆیان یەکەم بانگێشەی رۆشنگەریان دەست پێکرد، ئەمانئویل کانت لە ساڵی ١٧٨٥ و لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (رۆشنگەری چییە؟) بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی داوەتەوە: (رۆشنگەری رزگاربوونی مرۆڤە لەو حاڵەتی وەسایەیەی کە بەسەر ناخی خۆیدا سەپاندووە، خۆخستنە ژێر حاڵەتی وەسایە وادەکات مرۆڤ نەتوانێت بەبێ هاریکاری دەستی دەرەکی، زیرەکی و توانای خۆی بخاتە گەڕ، بۆیە دەڵێم (مەبەست کانتە) ئەو حاڵەتی وەسایەیەی بەسەر ناخی خۆتاندا دەیسەپێنن، هۆکارەی ئەوە نییە تاك زیرەك نییە، بەڵکو هۆکارە ئەوەیە تاك ئازایەتی تەواوی نییە بۆئەوەی سووربێت لەسەر ئەوەی بەبێ یارمەتی دەرەکی زیرەکی و تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ، گوێم لێبگرن، تۆ ئازابە و زیرەکی خۆت بخەرە گەڕ، ئەمە بانگێشەی رۆشنگەرییە).

ئەگەر بە وردی سەرنج لە وەڵامەکەی کانت بدەین بۆ دەسپێکی رۆشنگەری و پێناسەی رۆشنبیر و رۆڵی رۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا، هەست دەکەین سەربەخۆیی رۆشنبیر دەکاتە مەرجی سەرەکی بۆ رۆڵی رۆشنبییر لە پرۆسەی رۆشنگەریدا، هەربۆیە کە لەم چوارچێوەیەدا سەیری رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆشنبیرانی وڵاتی خۆشمان دەکەین، دەبینن هەست بەو رۆڵە گرنگەیان ناکەین کە لەسەردەمی رۆشنگەری لە ئەورپا گێڕاویانە، ئەمە بەو مەبەستە ناڵێین کە رۆشنبیرانی ئێمەش لاسایی رۆشنبیرانی سەردەمی رۆشنگەریی ئەورپا بکەنەوە، نەخێر ئەمە دوو شتی جیاوازە و دوو قۆناغی جیاوازە و پێویستە رۆشنبیرانی کوردستان، کانت وتەنی خۆیان لەژێر کاریگەری ئەم لایەن و ئەو لایەن دەربێنن و بڕوایان بەخۆیان بێت کە بە توانا و زیرەکی خۆیان چەمکی تازە بەرهەمهێنن و بیکەنە حافز بۆ جوڵاندنی رای گشتی و بونیادی کەڵچەری سیاسی دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش واتە بە سوود وەرگرتن لە چەمکە فیکرییەکانی رۆژئاوا لە کەڵچەری رەسەنی خۆماڵی چەمکی تازە بەرهەمبهێنن جیاواز بێت لەو چەمکە سیاسییە باوەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە، جیهانبگلو راشکاوانە دەڵێت رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیانتوانیوە ئەم رۆڵە گرنگە بگێڕین، هۆکاری ئەم نەتوانینەی بەم خاڵانە ئاماژە پێکردووە:

* لە رۆژهەڵاتدا رۆشنبیران خۆیان

ئەو بەرهەمە مەعریفیەی رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی دەهێنن، لەنێو نەگۆڕە ئایدۆلۆژییەکاندا تەوزیفی دەکەن، وەک ئایدۆلۆژیەتی چەپی مارکسی و ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی ئیسلامی

پێویستە رۆشنبیرانی کوردستان، خۆیان چەمکی تازە بەرهەمهێنن و بیکەنە حافز بۆ جووڵاندنی رای گشتی و بونیادی کەڵچەری سیاسی دیموکراتی

ئەم رەفتارانەی رۆشنبیران بوونە هۆکاری ئەوەی رۆشنبیران لە کۆمەڵگە دابڕێن و نەوەیەک دروست بێت هەست بە نائومێدی بکات و نەتوانێت هەنگاو بۆ ریفۆرم و ئاشتی هەڵبگرێ

## جۆن بۆس بۆ گوڵان:

# پۆپۆلیزم لەبری ئەوەی پەنا بباتە بەر دامەزراوەکانی سیستمە دیموکراتیەکە پەنا بۆ خەڵک دەبات، بەڵام کاری رۆشنبیر بەهێزکردنی دامەزراوەکانی ناو سیستمە دیموکراتیەکەیە



هاندەر بێت بۆ وتوویژ و موناقەشەکانی نێو رای گشتی، سەبارەت بە رۆڵی رۆشنبیر و پێگەی لە کۆمەڵگەدا، بۆ ئەم راپۆرتە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر تۆماس کۆشمان ئوستادی سیسۆلۆژی لە زانکۆی ویلسلی (Wellesley) و سەرنووسەری رۆژنامەی مافەکانی مرۆڤ (Journal of Human



بوونەتە یارمەتیدەر بۆ بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیەتی چەپی مارکسی و ئایدۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسیی.

* ئەم رەفتارانەی رۆشنبیران بوونە هۆکاری ئەوەی رۆشنبیران لە کۆمەڵگە داببڕێن و بوونە هۆکاری ئەوەی نەوەیەك دروست بێت هەست بە نائومێدی بکات و نەتوانێت هەنگاو بۆ ریفۆرم و ئاشتی هەڵبگرێ.

* ئەوەی لە هەمووی مەترسیدارترە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حزبە سیاسییە ئیسلامی و چەپ و عەلمانییەکان، رۆشنبیرانیان بەکارهێنا بۆ بەهێزکردنی پارت و رێکخراوەکانیان و پاوانکردنی سیاسی لە کۆمەڵگەدا.

ئەم خاڵانەی جیهانبگلو ئاماژەیان پێدەکات، واتە رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەگەیشتوونەتە ئەوەی ماکس ڤێبەر ناوی ناوە( بێ ئومێد بوون لە جیهان) ئەم رستەیە بەو مانایە نییە کە رۆشنبیران دەبێت لە جیهان نائومێد بن، بەڵکو بەو مانایەی کە رۆشنبیران لەوە نائومێد بن چەمکە ئایدۆلۆژیەکان، ئەوجا ئایدلۆژیەتی چەپ بێت یان ئیسلامی سیاسیی یان تەنانەت عەلەمانیش گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە دروست بکات، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەی کراوەدا هیچ ئایدلۆژیەتێك پیرۆز نییە، بۆیە کاتێك رۆشنبیر خۆی دەبێتە فاکتەرێك بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیەتێك، کە ئەمەی کرد خۆی دەکاتە بەشێك لە ململانێی سیاسیی نێوان پارتە سیاسییەکان نەك

**لە کۆمەڵگەی کراوەدا هیچ ئایدلۆژیەتێک پیرۆز نییە، بۆیە کاتێک رۆشنبیر خۆی دەبێتە فاکتەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیەتێک، خۆی دەکاتە بەشێک لە ململانێی سیاسیی نێوان پارتە سیاسییەکان**

**زۆرجار رۆشنبیران هەر کاتێک دەرفەتیان بۆ دروست بێت، ئەوا بە هەمان شێوەی سیاسییەکان رەفتار دەکەن**

## ئیقبال حوسێن بۆ گوڵان:

# رۆشنبیران كارێكی ناتەندروستانە دەكەن، ئەگەر لایەنگیری سیاسی بكەن و تەنیا رەخنە لە لایەنێكی سیاسی دیاریكراو بگرن



Rights) كـــرد و بەمجـــۆرە وەڵامی پرسیارەكەی داینەوە: (لە راستیدا زۆرجار رۆشنبیران وەك رووكار خۆیان بە باڵاتر و بەرزتـــر دادەنێن لەوەی خۆیان لە ململانێ سیاسییەكانەوە تێوەبگلێنن و ئەو تێڕوانینە دەخەنەڕوو كە سیاسەت كارێكی نزمتر و كەمبایەخترە، بەڵام واقیعی حاڵ ئەوەیە هەر كاتێك دەرفەتیان بۆ دروست بێت، ئەوا بە



هەمان شێوەی سیاسییەكان رەفتار دەكەن. واتە لە لایەك رۆشنبیران بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئەگەری ئەوە لە ئارادانیە ئەوان لە گەندەڵیەوە تێوەبگلێـــن، بەڵام ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە ئەوان زۆرجار دەبنە زمانحاڵـــی حزبەكان و رەنگە پاڵنەرەكەش هەمان پاڵنەری ئەو كەسانەی دیكە بێت كە دەچنە ناو پارتە سیاســـییەكانەوە كە بریتین لە بەدەستهێنانی دەسەڵات، دارایی و پێگە و بەرپرسیارێتی). ئەم دیاردەیەی كۆشـــمان بـــۆ ئـــەم راپۆرتـــەی گوڵان ئاماژەی پێكردووە مەترسی ئەوە دروست دەكات كە رۆشنبیران ببنە زمانحاڵی حزبە سیاســـییەكان، بۆیە دووبارە لێمان پرسی ئایا رۆڵی راستەقینەی رۆشنبیران چییە؟ بۆ ئەم راپۆرتە كۆشمان وتی: (ئەگەر لە ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتەوە قســـە بكـــەم، یاخود لـــە وڵاتانی دوای رووخانی كۆمۆنیســـتیەوە، ئەوا دەتوانین ئامـــاژە بـــەوە بكەین كە لە ســـەردەمی حكومڕانـــی دەســـەڵاتە تاكڕەوییەكاندا، رۆڵی رۆشنبیران بریتی بوو لە بەرهەڵستی كردن و بەرەنگاربوونەوەی دیكتاتۆریەت و ســـەركوتكاری، بەڵام لە دوای رووخانی ئەم دەسەڵاتە ســـتەمكارانەوە و لە دوای دەستپێكردنی پرۆسەی بە دیموكراتیكردن، رۆڵی رۆشـــنبیران گۆڕا بۆ دیاریكردنی ئامانجەكانـــی ئـــەو پرۆســـەیە و بـــۆ خســـتنەڕووی ئەوەی دەبێت كۆمەڵگەی نوێ چۆن بێـــت و كۆمەڵگەی مەدەنی بە چ شێوەیەك كار بكات، ئەگەرچی لەم رووەوە تێڕوانینـــی جیاوازیش هەیە لە نێو

**دەبێت رۆشنبیران ئامانجیان ئەوەبێت كار بۆ ئاوێتەبوون و یەكگرتنی تێكڕای گرووپ و پێكهاتەكان بكەن**

**ئەركی رۆشنبیر پەیوەستە بە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردە دزێوانەی لە كۆمەڵگەدا هەیە**

# چارلس کەپەر بۆ گوڵان :

## رۆشنبیران دەتوانن سەرمایەیەکی کەڵچەری بەرهەم بهێنن بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بتوانین بەرەنگاری تەوژمە پۆپۆلیستیەکان ببینەوە بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە دامەزراوە دیموکراتیەکان هێشتا لاوازن



**دەبێت رۆشنبیر سەربەخۆ بێت و رەخنەکانی ئاراستەی هەموو لایەنێک بێت و خۆی نەکاتە وابەستەی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو**

رۆشنبیرەکاندا)). کەواتە ئەرکی رۆشنبیر پەیوەستە بە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردە دزێوانەی لە کۆمەڵگەدا هەیە، ئەوجا وەك پرۆفیسۆر کۆشمان ئاماژەی بە دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست و ئەوروپای رۆژئاوا کردووە، راستە لەسەردەمی کۆمۆنیستیدا ئەرکی رۆشنبیر ئەوە بووە دژی سیستمە سیاسییەکە راببوەستێت و خەڵك بۆ رووخانی سیستمە دیکتاتۆریەکە هانبدات، بەڵام سیستمی دیموکراتی رووخاو پرۆسەی دیموکراتی دەستی پێکرد، کار و ئامانجی رۆشنبیر دەگۆرێت بۆ بونیادی کەڵچەری دیموکراتی و بەرەو پێشەوە بردنی سیستمە دیموکراتیەکە بێت، سەبارەت بەم پرسە و رۆڵی رۆشنبیر لە پرۆسەی دیموکراتیدا، پرۆفیسۆر ریکاردۆ لاریماونت بۆ ئەم راپۆرتە بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: (پێموایە ئەرکی سەرەکی رۆشنبیران ئەوەیە کە رێگە نەدەن هەوڵە دیموکراسییەکان یاخود بزووتنەوە دیموکراسیەکان تەنیا پەیوەست بن بە گروپێکی سیاسیی، یان ئایینی یان ئیتنی دیاریکراوەوە، بەڵکو دەبێت رۆشنبیران ئامانجیان ئەوەبێت کار بۆ ئاوێتەبوون و یەکگرتنی تێکڕای گروپ و پێکهاتەکان بکەن. بۆیە دەبێت رۆشنبیران لەم رووەوە رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان ببینن).

### رەخنەی رۆشنبیران لاساییکردنەوەی ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان نییە؟

رەخنەی رۆشنبیران لە نێو کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، ئەو خواستەی سەرکردە پۆپۆلیستیانە نییە کە جیهان بە رەش و سپی سەیر دەکەن، یان هێندە نائومێد بوون دژایەتی دامەزراوەکانی نێو سیستمە دیموکراتیەکە دەکەن، لە وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە مەترسی پۆپۆلیست بە ئاشکرا لەناو کۆمەڵگە دەرکەتووە و خەڵك گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی چۆن پۆپۆلیستەکان خواست و نەهامەتیەکانی خەڵك دەکەنە توێشووی رێگە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و لەباربردنی پرۆسە دیموکراسیەکە، سەبارەت بە رەخنەی رۆشنبیر و تێکەڵاو نەکردنی لەگەڵ خواستە پۆپۆلیستیەکان پرۆفیسۆر تۆماس کۆشمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستەڕوو: (ئەو کاتە مەترسیەکە دروست دەبێت کە پۆپۆلیستەکان بانگەشەی ئەوە بکەن ئەوان کار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خەڵك و خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانیان دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئەوان خەڵك دەکەنە پردێك بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، وەك ئەوەی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا بەدیمان کرد، رەنگە بتوانین بڵێین سەددام حوسێنیش هەر بەم شێوەیە رەفتاری کرد. بەڵام جیاوازی رۆشنبیران ئەوەیە ئەوان هەوڵی هاندان و ئاراستەکردنی خەڵك دەدەن بۆ ئەوەی کار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان بکەن لە بەرەوپێشبردنی دیموکراسیدا)). هەر لەم چوارچێوەیەدا سەبارەت بە ئەزموونی نیکاراگوا بەدەست دیاردەی پۆلیزم و پەنابردنیان بۆ رەخنە و بەکارهێنانی خواستەکانی خەڵك بۆ ئەو ئامانجەکانی خۆیان پرۆفیسۆر جۆن بۆس ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی نۆرس تەکساس و تایبەتمەند لەسەر دیموکراتی ئەمریکای لاتینی بۆ ئەم راپۆرتە بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و دەڵێت: (ئەوەی پێوەندی بەو تێڕوانین و تێگەیشتنەوە هەبێت لە ئاست پۆپۆلیزمدا هەیە، ئەوا لە نیکارگوا و (لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا) دوو لایەنی زۆر زەق یان دوو رەهەندی زۆر دیاری پۆپۆلیزم بەدی دەکرێت. رەهەندی یەکەمیان بریتییە لە مەیلی پیادەکردنی ئەو جۆرە دیموکراسیەی کە تێیدا تەفزیلی پەنابردنە بەر هاووڵاتیان دەکرێت لە بری کارکردن بە دامەزراوەکان ( چ لە لایەن دادگاوە بێت یان دەسەڵاتی یاسادانانەوە). رەهەندەکەی دیکە بریتییە لە مەیلی بینینی جیهان بە رەش و سپی (بە خێر و شەڕ) ئەوەی پرۆفیسۆر بۆس بۆ ئەم راپۆرتە ئاشکرای دەکات ئەوەیە ئامانجی پۆپۆلیستەکان پەکخستنی کاری دامەزراوەکانی دیموکراسیە، بەڵام ئەرکی رۆشنبیر بەهێزکردنی دامەزراوەکانی ناو سیستمی دیموکراسیە، سەبارەت بە رۆڵی رۆشنبیر لەم بوارەو بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی پرۆفیسۆر ئیقبال حوسێن ئوستادی یاسا لە زانکۆی نیودەلهی لە هیندستان، لە لێدوانێکی بۆ ئەم راپۆرتە بەمجۆرە سەبارەت بە رەخنەی رۆشنبیران هاتە وەڵام : (لە راستیدا رەخنەگرتن رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە باشترکردن و بەرەوپێشبردنی ئەدای حکومەتدا، کە لەم رووەوە دەبێت هەمیشە رۆشنبیران لە رێی رەخنەکانیانەوە هەوڵی خستنەڕووی ناتەواوییەکان و پێشنیاری باشترکردن و بەرەوپێشبردن بخەنەڕوو. لە هەمان

**پۆپۆلیستەکان خواست و نەهامەتیەکانی خەڵک دەکەنە توێشووی رێگە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و لەباربردنی پرۆسە دیموکراسیەکە، خەڵک دەکەنە پردێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات**

# ریكاردۆ لاریماونت بۆ گوڵان:

# دەبێت رۆشنبیران ئامانجیان ئەوەبێت كار بۆ ئاوێتەبوون و یەكگرتنی تێكرای گرووپ و پێكهاتەكان بكەن. بۆیە دەبێت رۆشنبیران لەم رووەوە رۆڵی چاوەڕوانكراوی خۆیان ببینن



كاتدا نابێت رۆشـــنبیران لـــەم رۆڵەیاندا هەوڵی بەدەســـتهێنانی سوودی سیاسی بدەن، مەبەســـتم ئەوەیـــە دەبێت بێلایەنی رەچاو بكـــەن لە ئەداكردنی ئەركەكانیاندا و رووی رەخنەیان لـــە هەموو گروپێكی سیاسی بكەن كە شایستەی رەخنەلێگرتن بێت. پێشتریش ئاماژەم بەوەكرد كە دەبێت رۆشنبیران رۆڵیان هەبێت لە خستنەڕووی پێشنیار و راسپاردەی پێویست بۆ هێنانەدی حكومڕانێتـــی بـــاش، بۆ باشـــتركردنی پێوەندیەكانی وڵاتەكـــە بە وڵاتانی دیكە و بە جیهانـــی دەرەوە، بۆ باشـــتركردنی هەلومەرجـــی ناوخۆیی، واتە دەتوانن لەم رووەوە رۆڵێكـــی گرنگ ئـــەدا بكەن، بە پێچەوانـــەوە كارێكی نا تەندروســـتانەیە ئەگەر لایەنگیری سیاســـی بكەن و تەنیا رەخنـــە لە لایەنێكی سیاســـی دیاریكراو بگـــرن... رۆشـــنبیران دەتوانـــن رۆڵی گرنگی خۆیان ئەدا بكەن، ئەویش لە رێی ئاماژەكردن بە ئیجابیەتی ئەو سیاســـەت و بڕیارانـــەی كـــە دەبنەهـــۆی خزمەت گەیانـــدن بـــە بەرژەوەندییەكانی خەڵكی وڵاتەكـــە و رەخنەگرتن لەو سیاســـەت و هەڵوێســـت و بەرنامـــە كارانەی كە زیان بە بەرژەوەندییەكانی خەڵك دەگەیەنن)).

كەواتـــە ئەوەی ئەم پســـپۆرانە لە ناوچە جیاجیاكانـــی جیهان ئامـــاژەی پێدەكەن، ئەوەیـــە كە دەبێت رۆشـــنبیر ســـەربەخۆ بێـــت و رەخنەكانـــی ئاراســـتەی هەموو لایەنیك بێت و خۆی نەكاتە وابەســـتەی لایەنێكی سیاســـیی دیاریكراو، سەبارەت بەو كایەنەشـــی كە پێویســـتە رۆشنبیر لەكۆمەڵگە كاری لەسەر بكات، پرۆفیسۆر چارلس كەپەر پسپۆر لە بواری مێژوو لە زانكۆی بۆستن بۆ ئەم راپۆرتە بەمجۆرە ئاماژەی بە گرنگی رۆڵی رۆشنبیر كردو وتی: (گرنگە هەر گفتوگۆیەكی جددی پەیوەست بە رۆڵی رۆشنبیران لە بونیاتنانی كەڵچەری دیموكراسیدا بوروژێنرێن، زۆر خۆشحاڵم كە ئێوە و هاوڵەكانتان پێتانوایە رەنگە وەڵامەكانی من لەم رووەوە سودمەند بن. بە داخەوە كاتێكی كەمم هەیە، لەبەر ئەوە تەنیا چەند شـــتێكی كەم دەربارەی ئەو بابەتانە دەڵێم كە لە پرســـیارەكانتاندا وروژاندوتانە. هەر لە دوای ســـەرهەڵدانی خیتابی سیاسی «دیموكراتی» لە دوای شۆڕشـــەكانی فەرەنســـا و ئەمریـــكاوە، زۆربەی بڕیارە سیاسییە دیارەكان كێشەی پەیوەست بە دژواری نێوان لیبراڵیزم (یاخود بایەخدانی سەرەكی بە ئازادی تاكەكەسی) و دیموكراسیان (كە لێرەدا دیموكراسی بە مانای بەشـــداری پێكردنی «خەڵك» بە تایبەتی ئەوانەی زۆرینەی «چینەكانی خـــوارەوە» پێكدەهێنـــن لـــە پرۆســـەی نوێنەرایەتیكردنـــی حكومەتدا). كردۆتە بابەتێكی سەرەكی بۆ بەردەوامبوونی ئەو خیتابە، رۆڵی رۆشنبیران رۆڵێكی گرنگە لەوەی ئەم كێشـــەیە بكەنە كێشـــەیەكی بنیاتنـــەر نـــەك رووخێنەر. لـــە لایەكەوە هەنـــدێ جار رۆشـــنبیران لـــە دەرەوەی بەرژەوەندیە تایبەتییەكان یاخود لە دەرەوەی ئایدۆلۆژیای ئەو كەسانەی نوێنەرایەتی چینە باڵادەســـتەكان دەكەن، كار دەكەن. زۆرجـــار رۆشـــنبیران پابەندبوونێكـــی «ئایدیالی»یـــان هەیـــە كە لـــە كاری دارشـــتنی چەمكەكان، ئەزموونكردن و خولقاندنەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوان پابەندن بە بیركردنەوەی رەخنەگرانە، لێكۆڵینەوەی ئـــازاد و گوزارشـــتكردن لە خـــود)، كە ئەمەش وایان لێدەكان هەمیشە چاوكراوەبن لە ئاســـت ئەو هەڕەشـــانەی رووبەڕووی ئـــەم پابەندبوونانە دەبنـــەوە چ لە لایەن «نوخبـــەكان: یان لە لایەن « خەڵك»ەوە. لەوەش زیاتر رۆشـــنبیران دەتوانن رۆڵێكی یەكلاكەرەوە ببینن لە پەرەپێدانی بەهاكانی بیركردنـــەوەی رەخنەگرانە لە دەزگاكانی راگەیاندنـــدا. لە كۆتاییدا، رۆشـــنبیران دەتوانن سەرمایەیەكی كەڵچەری بەرهەم بهێنن بـــۆ ئـــەوەی بەهۆیـــەوە بتوانین بەرەنـــگاری تەوژمـــە پۆپۆلیســـتیەكان ببینـــەوە بە تایبەتی لەو شـــوێنانەی كە دامەزراوە دیموكراتیەكان هێشتا لاوازن))، پرۆ فیســـۆر چارلـــس رووبەڕووبوونەوەی دیوە شاراوەكانی پۆپۆلیزم دەكاتە ئەركی رۆشـــنبیر بەتایبەتی لـــەو وڵاتانەی كە هێشـــتا دامەزراوە دیموكراتیەكان لاوازن و پۆپۆلیســـت بە ئاسانی دەتوانێت زەفەریان پێبەرێـــت. ئەمەش لەبـــەر ئەوەیە ئەگەر رۆشـــنبیر هەوڵنەدات رەخنەكانی خۆی لە خواســـتە سیاسییەكانی پۆپۆلیستەكان جیابكاتەوە، ئەوا بێجگە لەوەی رەخنەكانی دەچێتە خزمەتی سیاسەتی پۆپۆلیستەكە بۆ لاوازكردنی دامەزراوەكانی سیســـتمە دیموكراتیەكـــە، لـــە هەمانكاتـــدا رۆڵ و پێگـــەی خۆشـــی لـــە كۆمەڵگە وەك رۆشنبیرێك ون دەكات.


**رۆشنبیران دەتوانن سەرمایەیەكی كەڵچەری بەرهەم بهێنن بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بتوانین بەرەنگاری تەوژمە پۆپۆلیستیەكان ببینەوە بە تایبەتی لەو شوێنانەی كە دامەزراوە دیموكراتیەكان هێشتا لاوازن**

**ئەگەر رۆشنبیر هەوڵنەدات رەخنەكانی خۆی لە خواستە سیاسییەكانی پۆپۆلیستەكان جیابكاتەوە، ئەوا رەخنەكانی دەچێتە خزمەتی سیاسەتی پۆپۆلیستەكە بۆ لاوازكردنی دامەزراوەكانی سیستمە دیموكراتیەكە**



# راگەیاندنی ئازاد و کۆمەڵگەی دیموکراتی

## سنووری رۆژنامەنووسی ئازاد، پابەندبوونیەتی بە ئەخلاقی رۆژنامەگەریەوە..



((رۆژنامەگەری ئازاد خزمەت بە دیموکراسی دەکات، لەبەرئەوەی هاووڵاتیان دەتوانن لەرێی بوونی ئازادی رۆژنامەگەریەوە زانیاری پێویست لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە بەدەست بهێنن، ئەوکاتە دەتوانن هەڵوێستێک وەربگرن کە لایەنگیری تێدا نەبێت))

دیڤید برۆدەر بۆ گوڵان



## شەین شافەر بۆ گوڵان:

# ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن بتوانن زانیاری ڕاست و دروست بڵاوبکەنەوە، ئەوا دەبنە جێی متمانەی خەڵک و دەبنە خاوەنی میسداقیەت لە کاتی ئەداکردنی ئەرکەکانیاندا

> پۆلیتزەر
> میدیای خراپ بە تێپەڕبوونی کات، گەلێکی خراپی وەك خۆی بەرهەم دەهێنێت

بایەخ و گرنگی ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری ئازاد بۆ کۆمەڵگەی دیموکراسی وەك بایەخی ئاوە بۆ ماسی، تۆماس جیفرسۆن داڕێژەری بەیانی سەربەخۆی ئەمریکا دەڵێت: ((ئەگەر سەرپشك بکرێم لە نێوان حکومەتێك بێ ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەگەری بێ حکومەت یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوا بێ هیچ دوو دڵییەك ڕۆژنامەگەری هەڵدەبژێرم)) ئەمە مانای ئەوەیە هەر لە دارشتنی بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکاوە بۆ بونیادی دیموکراتی، ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕۆژنامەگەری نەك هاوشانی بایەخی هەموو حکومڕانی ئەمریکا کراوە، بەڵکو ئەگەر هاتنە سەر ئەوەی لە نێوان حکومەت و ڕۆژنامەگەری ئازادا بڕیار بدەن، ڕۆژنامەگەری ئازاد هەڵدەبژێرن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کاتێك ئەم توخمە گرنگە بۆ بونیادی دیموکراتی و پاراستنی ئازادییەکان، کەموکورتی تێدەکەوێت یان ڕۆژنامەگەری لەبەر هەر هۆیەك بێت ناتوانێت ئەرکی خۆی لە نێو کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەدا بکات، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئازادی ڕۆژنامەگەری بێ بایەخ بکرێت و بە پێچەوانەی قسەکەی تۆماس جیفرسۆنەوە حکومەت و حکومڕانی هەڵبژێرین و دەستبەرداری ڕۆژنامەگەری ئازاد بین؟ بێگومان ئەمە نەك هەر نابێت، بەڵکو ئەگەر هەر سیستەم و کۆمەڵگەیەك ئەو بڕیارە بدات بەدەستی خۆی دیموکراسی لە سێدارە دەدات، کەواتە لێرەوە بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەرانی خۆمان ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەین، کە ئەم ڕاپۆرتە بەدواداچوونە بۆ ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی هاتوونە بەردەم میدیای ئازاد و هەڵدانەوەی ئەو پەردەیە کە کۆمەڵێك ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پاشکۆ، بە ناونیشانی (میدیای ئازاد) لە کۆمەڵگەی کوردستان فیلمەکانی خۆیان نمایش دەکەن و کاتێکیش پێیان دەگوترێت ئێوە میدیای پاشکۆی هەندێ حزب و کۆمپانیان نەك میدیای ئازاد، دوور لە ئاکار و ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری پرۆفیشنال بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندی ئەو لایەنەی هەڵیان دەسووڕێنێت دەشێوێنن، کەواتە گرنگە ڕۆڵ و کاریگەری ئیجابیانەی میدیای ئازاد لە ناو کۆمەڵگەی دیموکراتی، لەگەڵ ڕۆڵی سلبی ئەو میدیا پاشکۆیانەی لەژێر پەردەی میدیای ئازاد خۆیان ماکیاژ دەکەن لێکجیابکەینەوە، ئەم لێکجیاکردنەوەیە خزمەتێکی گەورە بە پرۆسەی دیموکراتی و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی کولتووری دیموکراتی لە ناو کۆمەڵدا دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە چاو لێ پۆشین و بێدەنگ بوون دەبێتە هۆکاری ئەوەی کولتوورێك لە کۆمەڵگە دروست بێت کە هەر خودی ئەو کولتوورە ڕیشەی کولتووری دیموکراتی لەناو کۆمەڵگە هەڵبکێشێت، ئەمەش وەك جۆزیف پۆلیتزەر دەڵێت : میدیای خراپ بە تێپەڕبوونی کات، گەلێکی خراپی وەك خۆی بەرهەم دەهێنێت،بۆ ئەوەی میدیا لە کاری خراپی خۆی بەردەوام نەبێت، پێویستە میکانیزمی گونجاو بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی میدیا ڕاست بکرێتەوە، پۆلیتزەر ڕاشکاوانە لەسەر بایەخ و گرنگی ڕۆژنامەگەری ئازاد ڕادەوەستێت و پێی وایە پاراستنی ڕۆژنامەگەری ئازاد و پاراستنی کۆمارە ئازادەکەی ئەمریکا پێکەوەن، هەر کاتێك ڕۆژنامەگەری ئازاد شکستی هێناو ڕووخا، ئەوا کۆمارە ئازادەکەی ئەمریکاش شکست دێنێت وەڕووخێت، هەر کاتێکیش ڕۆژنامەگەری ئازاد سەلامەت بوو، کۆمارە ئازادەکەی ئەمریکاش سەلامەت و پارێزراو دەبێت، ئەم ترسەی پۆلیتزەر لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتبوو، کاتێك ئەو وەك خاوەنی ڕۆژنامەی نیویۆرك وۆرڵد هەستی پێکردبوو، بەوەی خەریکە گەلی ئەمریکا لە بایەخی پیشەی ڕۆژنامەگەری تێناگەن و بە چاوی سووك سەیری دەکەن و پێیانوایە ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە بتوانێت وتارێك بنووسێت و هەمووکات دەستی بە مەرەکەبی چاپخانەکان سواخ درابێت، ئەو هەستی کردبوو گەلی ئەمریکا لە بەهای ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەگەری ئازاد بۆ پاراستنی کۆمارە ئازادەکەی ئەمریکا سەرچیغ چوون و ڕۆژنامەگەری وەك هونەر سەیر ناکەن، بۆیە داوایکرد هونەری ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆ بخوێنرێت و کۆلێژی ڕۆژنامەگەری دابمەزرێت، پۆلیتزەر وەك ڕۆژنامەنووسێك و بۆ بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسان ئەمکارەی نەکرد، نەخێر ئەو



## فیلیپ پەوڵینو بۆ گوڵان:

# ئەگەر ڕۆژنامەنووسان پابەندبن بە ڕێسا و ئەخلاقیاتی پیشەکەیانەوە لە گرنگی بوونی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ تێدەگەن

وەك بیرمەندێك پاراستنی کۆمارە ئازادەکەی ئەمریکای خستە ئەستۆی نەوەی داهاتووی ڕۆژنامەنووسان، ئەم بیرکردنەوەیەی پۆلیتزەر کە لــە ڕوویەکەوە لە لەبیرکردنەوەی نیتچە دەچێت بۆ فەیلەســوفی داهاتوو و نیتچە پێیوایــە دەبێت یاســا دانەری (المشــرع) داهاتوو، ئەو یاســادانەرەی کە یاساکانی هیــچ کۆت و زنجیرێك بۆ ئازادی دانانێت و بیــر و بەهای تــازە بەرهەمدەهێنی بۆ پاراستنی ئازادی، دەبێت فەیلەسووف بێت، ئەگــەر پۆلیتزەر لەم خاڵەدا جێگۆڕکێی بە فەیلەسووفی داهاتووبۆ پاراستنی داهاتوولە فەلسەفەی نیتچەدا کردبێت و لە جێگەی یاسادانەر ڕۆژنامەنووسی دانابێت، ئەوا لە ئەرکدا، هەمــان ئەو ئەرکانەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووســان کردۆتــەوە کــە نیتچە ڕووبەڕووی یاســادانەری ئایندەی دەکاتەوە بەوەی پێویستە یاسادانەری داهاتوو لە یەك کاتدا ((هەم پزیشك بێت و هەم هونەرمەند)) پۆلیتزەریش کە ئەرکی پاراســتنی کۆمارە ئازادەکــەی ئەمریکا بە ڕۆژنامەنووســان دەســپێرێت، داوا دەکات نەوەی داهاتووی ڕۆژنامەنووســانی ئەمریــکا لەیەك کاتدا ((پزیشــك و هونەرمەند)یش بن، ئەمەش مانای ئەوەیە پیشەی ڕۆژنامەنووسی هەم زانستە وەك چۆن بە ڕێگەی زانست مرۆڤ دەبێتە پزیشك، هەم هونەریشە کە لەمیانەی پیادەکردنــی کاری ڕۆژانەوە فێری دەبین، کەواتە پۆلیتزەر درێژە پێدەری هەمان قسەیە کە ١٠٠ ســاڵ پێش قســەکەی پۆلیتزەر، تۆماس جیفرسۆن کردویەتی، جیفرسۆن لە نێوان پەرلەمانی ئــازاد و ڕۆژنامەگەری ئازاد، ڕۆژنامەگەری ئــازادی هەڵبژارد، بەڵام پۆلیتزەر لەبری یاســادانەرەکانی ناو کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ پاراستنی کۆماری ئازادی ئەمریکا ڕۆژنامەنووســانی دانا، ئەمەش لەســەر ئەو خەڵاتە نووســراوە کە ساڵانە باشترین ڕۆژنامەنووسی لە جیهاندا پێ خەڵات دەکرێت.

### چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاستەنگەکانی بەردەم میدیای ئازاد بکەین

ئەو پێشــەکیەی ســەرەوە پێویست بوو بۆ ئــەوەی ئاماژە بــەوە بکەین، ئــەوە تەنیا کۆمەڵگــەی ئێمــە نییە هەندێــك جار ئاراســتەی ڕۆژنامەگەری ئازاد بە لاڕێدا دەبرێت و بۆ مەبەســتی سیاسیی بەرگی میدیای ئازاد بە بەری چەند ڕۆژنامە یان ڕاگەیاندنی پاشکۆی لایەنە سیاسییەکاندا دەکرێــت، بۆیــە لــەم ڕاپۆرتــە ئێمە لەو دەرگایەوە ناچینە سەر ئەو پرسە گرنگەی لە ڕێگەی گرفتەکانەوە بەدواداچوون دەست پێبکەین، نەخێــر ئێمە لە بایەخی میدیای ئــازادەوە بــۆ کۆمەڵگــەی دیموکراتی بەدواداچوون دەکەین بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاشــکاوانە لەمەترســی ئەو هەڕەشــانە تێبگــەن کــە ڕووبــەڕووی ڕۆژنامەگەری ئازاد لە کوردستان دەبێتەوە، هەروەها ئــەوەش بــە خوێنەرانی خۆمان دەڵێین ئەم ڕاپۆرتە کە بەوجۆرە بەدواداچوون لەســەر بایەخ و گرنگی میدیای ئازاد بۆ کۆمەڵگــەی دیموکراتــی دەکات، لــە گۆڤارێکــدا بڵاودەکرێتەوە، ئــەو گۆڤارە بانگەشــەی ئەوە ناکات کە خۆی بەشێکە لە ڕۆژنامەگەری ئازاد ســەربەخۆ، بەڵکو بەخوێنەرانــی دەڵێــت ئەمــە بایەخــی ڕۆژنامەگــەری ئــازادە لــە کۆمەڵگە و چارەنووســی ڕۆژنامەگــەری لەم وڵاتە، ڕۆژنامەگەری ئازادە نەك ڕۆژنامەگەری دیکە، بۆ زیاتر ڕۆچوون لەســەر ئەم پرسە گرنگە و بایەخی ڕۆژنامەگەری ئازاد بۆ دیموکراتی، پرۆفیسۆر دیڤید برۆدەر ستوون نووســی بەناوبانگی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆســت و وەرگــری خەڵاتــی پۆلیتزەر بەمجــۆرە ســەبارەت بــە بایەخــی ڕۆژنامەگــەری ئازاد بۆ ئەم ڕاپۆرتە ڕای خۆی خســتەڕوو: (ڕۆژنامەگەری ئازاد خزمــەت بــە دیموکراســی دەکات، لەبەر ئەوەی هاووڵاتیــان دەتوانن لە ڕێی بوونی ئازادی ڕۆژنامەگەریەوە زانیاری پێویست لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە بەدەست بهێنن و ئەوکاتە دەتوانن هەڵوێســتێك وەربگرن کە لایەنگیریی تێدا نەبێــت، ئەگەر کۆتوبەند لەســەر ئازادی ڕۆژنامەگەری دابنرێت، ئەوا کۆمەڵگــە زیانی پێــدەگات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە سەرچاوەی بەدەستهێنانی هــەواڵ و زانیاریان لێدەبڕێت) ســەبارەت بەئەرك و بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگــە و چۆنیەتــی مامەڵەکردنــی لەگــەڵ ڕووداوەکان، وەرگــری خەڵاتی

پۆلیتزەریش کە ئەرکی پاراستنی کۆمارە ئازادەکەی ئەمریکا بە ڕۆژنامەنووسان دەسپێرێت، داوا دەکات نەوەی داهاتووی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لەیەک کاتدا ((پزیشک و هونەرمەند)یش بن




## وەدیك دویل بۆ گوڵان:

# هەرگیز بۆ رۆژنامەنووس نەهاتووە پێش پۆلیس تۆمەت بخاتە پاڵ کەسێک یان لایەنێک، رۆژنامەنووسان دەتوانن تەنیا رووماڵی رووداو و لێکۆڵینەوەکان بکەن

**پۆلیتزەر لەبری یاسادانەرەکانی ناو کۆنگریسی ئەمریکا بۆ پاراستنی کۆماری ئازادی ئەمریکا رۆژنامەنووسانی دانا، ئەمەش لەسەر ئەو خەڵاتە نووسراوە کە ساڵانە باشترین رۆژنامەنووسی لە جیهاندا پێ خەڵات دەکرێت**

پۆلیتزەر بە گوڵانی راگەیاند (ئەرکی رۆژنامەنووسان ئەوەیە بە باشترین شێوە هەواڵ و زانیاری بە هاووڵاتیان بدەن لە بارەی ئەو پرس و مەسەلانەی کە کاریگەریان هەیە لە سەر ژیانیان.. بەرپرسیارێتی رۆژنامەنووسان پەیوەست نییە بە هەلومەرجەکەوە، ئایا دۆخێکی سەقامگیر لە ئارادایە یاخود نا؟، بەڵکو پەیوەستە بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەوەی دەبێت بە باشترین شێوە زانیارییەکان بە هاووڵاتیان بدرێت). ئەم رۆژنامەنووسە بە ئەزموونە کە خەڵاتی پۆلیتزەری لەسەر کارە رۆژنامەنووسییەکانی وەرگرتووە، ئازادی رۆژنامەگەری بە خزمەتێك بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی لە قەڵەم دەدات، بەڵام لەهەمانکاتدا بە کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیاریەتیەوە گرێیدەداتەوە کە پێویستە رۆژنامەنووس بێجگە لە پابەندبوون بە ئەمانەتی کاری رۆژنامەگەری خۆیەوە، بەهیچ شتێکی دیکەوە کاریگەر نەبێت و هەموو ئامانجی ئەوە بێ زانیاری راست و دروست بگەیەنێتە هاووڵاتیان. سەبارەت بەوەشی چۆن دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن خزمەت بە بەرەوپێشچوونی دیموکراسی بکەن؟ بۆچی رۆژنامەگەری ئازاد بە یەکێك لە ستوونەکانی دیموکراسی دادەنرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر فیلیپ پەوۆلینۆ کە پسپۆرە لە بواری کاریگەری میدیا لە قۆناغی ئینتیقالی و کتێبێکیشی بەناونیشانی دیموکراتیزەکردنی تایوان: تەحدیەکانی قۆناغی ئینتیقالی نووسیووە، بۆ ئەم راپۆرتە وتی: (دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن دوو رۆڵی سەرەکی ببینن لەم رووەوە، یەکەمیان لە رێی گەیاندنی زانیاری راست و دروست لە بارەی چۆنیەتی بەرێوەبردنی کاروبارەکانەوە لەلایەن حکومەتەوە، دووەمیان بریتییە لە ئەداکردنی رۆڵی چاودێریکردن، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو حکومەت لە گەندەڵیەوە تێوەگلابوو، ئەوا پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن هەڵبستن بە زەقکردنەوە و ئاشکراکردنی ئەم پرسە. واتە دەبێت ئەوە بخەنەروو ئایا حکومەت بە شێوەیەکی گونجاو کارەکانی خۆی ئەدا ئەکات یان نا، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانیش لەسەر ئەم بنەمایە هەڵوێست لە ئاست حکومەتدا وەربگرن. لە هەمانکاتدا پێویستە رۆژنامەنووسان پابەندبن بە رێسا و ئەخلاقیاتی پیشەکەیانەوە و وەك ئامرازێکی دەستی پارتە سیاسییەکان کارنەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە تەنیا کاریان ئەوە دەبێت هەڵبستن بە برەودان بە بەرژەوەندییەکانی ئەو پارتە، هەر لەم روانگەیەشەوە ئێمە دەتوانن لە گرنگی بوونی راگەیاندنی سەربەخۆ تێبگەین) هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەوەی کە زۆر لەو وڵاتانەی بە قۆناغی ئینتیقالی تێدەپەڕن و راگەیاندنەکان نا بەرپرسانە هەندێك رووداوی ناو کۆمەڵگە رووماڵ دەکەن و زانیاری هەڵە و چەواشە بڵاو دەکەنەوە، پرۆفیسۆر فیلیپ بە گوڵانی راگەیاند: (کاتێك رووداوێك لەناو کۆمەڵگە روودەدات، دەبێت لەم رووەوە دەزگاکانی راگەیاندن هەوڵبدەن چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە زانیاریان لایە و ئامادەن قسە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بکەن، هەرچەندە زۆرجار رۆژنامەنووسان لەم رووەوە دووچاری دژواری دەبنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێت ئەوە بزانین ئەمە ئەرکی رۆژنامەنووسانە و ئەوان لەم رێیەوە خزمەتێکی گەورە بە کۆمەڵگە دەکەن .. ئەمە دۆخێکە دەبێت هاوسەنگیەکی تێدا بەدی بهێنرێت، بۆ نموونە هەمیشە






## كلیانی چادە بۆ گوڵان:

# وەزیفەی راگەیاندن ئەوەیە لێدوان و بیروبۆچوونی لایەنە جیاوازەکان بگوازێتەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکات، نەک تەنیا داکۆکی لە لایەنێکی دیاریکراو بکات

دەزگاکانی راگەیاندن فشـار دەخەنەسـەر هێزەکانـی پۆلیس بۆ درکاندنی زانیاری و بۆ ئاشکراکردنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، بەڵام لێـرەدا دەبێـت هێزەکانـی پۆلیس ئاگاداری ئەوەبن ئەوەندە زانیاری نەدرکێنن کـە زیـان بـە پرۆسـەی لێکۆڵینەوەکە بگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەشـدا، هەندێ جار فشـاری زیاد لە پێویستی رۆژنامەکان بۆ ئاشـکراکردنی ئەم زانیاریانـە حکومەت دەخاتە دۆخێکەوە کە هەوڵی شـاردنەوەی هەموو زانیاریەك بدات لە رۆژنامەنووسان. ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن کێشـەیەکی سـەختە تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە مێژووییەکـی دووروودرێژیشـیان هەیە لە حکومڕانـی دیموکراسـی و لـە بوونی راگەیاندنـی ئازاد. ئـەوەی پێوەندی بەم کێشەیەوە هەبێت، پێموایە دەبێت دەزگاکانی راگەیاندن بەرپرسیارانە رەفتار بکەن و پەنا بـۆ تاوانبارکردنی کەسـێك نەبەن ئەگەر هاتوو ئـەم تاوانبارکردنە هیـچ بنەما و بەڵگەیەکـی نەبوو، هەروەهـا پێموایە لەم حاڵەتەدا، واتە ئەگـەر هاتوو دەزگایەکی راگەیانـدن بانگەشـەی تاوانباربوونـی کەسـێکی کرد کە نەتوانرا ئەو بانگەشەیە بسەلمێنرێت، ئەوا کەسـی زەرەمەند بۆی هەیە پەنا بۆ یاسـا و بـۆ دادگا ببات و بەپێـی بەندەکانی یاسـای لەکەدارکردن و ناوزڕاندن داوای مافی خۆی بکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کارێکی لەم چەشنە زیان بـە میسـداقیەتی ئـەو دەزگایـەش دەگەیەنێت)). بۆ زیاتر جەختکردن لەسـەر ئەم مەسەلەیە و سـەبارەت بەوەی ئایا لە کاتـی روودانـی تاوانێکـدا دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن کەسـێك یان لایەنێکی دیاریکراو تاوانبار بکەن پێش ئەوەی لایەنە پێوەندیـدارەکان و هێزەکانـی پۆلیـس بە فەرمی تاوانبارە راسـتەقینەکان ئاشـکرا بکەن؟ ئەگەر دەزگاکانـی راگەیاندن بەم شـێوەیە رەفتار بکەن، ئایا تا چ رادەیەك دەبنە مەترسی بۆ سـەر سەقامگیری ناو کۆمەڵگـە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشـدا پرۆفیسـۆر وەدیك دۆیل سەرۆکی بەشی گەیاندنی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئەمریکی لە پاریس بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵانی دایەوە: (هەرگیز بۆ رۆژنامەنووس نەهاتووە پێش پۆلیـس تۆمەت بخاتە پاڵ کەسێك یان لایەنێك، رۆژنامەنووسان دەتوانن تەنیا رووماڵی رووداو و لێکۆڵینەوەکان بکەن و نابێـت کەس بە تاوانبـار دابنێن و تەنیا دەتوانـن ئاماژە بەوە بکەن کـە هێزەکانی پۆلیس گومان لە کەسێك دەکەن و تەنانەت لـەم کاتەشـدا ناتوانین بەو کەسـە بڵێین تاوانبـار تاوەکو لە دادگادا حوکمی لە دژ دەرنەچێت. تەنیا هێزەکانی پۆلیس دەتوانن ئـەوە روون بکەنەوە کە چۆن کار دەکەن بۆ ئـەوەی بگەنە ئەنجامێك لە کێشـەکەدا، بەڵام ناتوانن وردەکاری زیاتر لەسەر رەوتی لێکۆڵینەوەکە ئاشکرا بکەن. هەروەها ئەوەش ئاشکرایە دەزگاکانی راگەیاندن لە هەموو وڵاتێکدا فشـار دەکەن بۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری زیاتـر، بەڵام دەبێـت هێزەکانی پۆلیس رێسـای خۆیان هەبێـت بۆ باش ئەنجامدانی کار و ئەرکی خۆیان.. هەروەها دەزگاکانی راگەیاندن ناتوانن و بۆیان نییە سیناریۆی جۆراوجۆر بڵاو بکەنەوە و دەبێت یاسـایەك هەبێت رێگریان لێبکات ئەگەر هاتوو هەوڵێکی لەم چەشـنەیان دا، لەبەر ئـەوەی ناتوانـن لە خۆیانـەوە خەملاندن بکەن). هەر سەبارەت بە ئەرکی راگەیاندن و هەسـت کردن بـە بەرپرسـیاریەتی ناو کۆمەڵگـە و پەنابردنـی هەندێـك رۆژنامەنـووس بۆ تەشـهیر و ناوزڕاندن،

**پێویستە رۆژنامەنووسان پابەندبن بە رێسا و ئەخلاقیاتی پیشەکەیانەوە و وەک ئامرازێکی دەستی پارتە سیاسییەکان کارنەکەن**





## دیڤید برۆدەر بۆ گوڵان:

# هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێی بوونی ئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە زانیاری پێویست لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی هەڵوێستێک وەربگرن لایەنگیری تێدا نەبێت

کاتێک ڕووداوێک لەناو کۆمەڵگە ڕوودەدات، دەبێت لەم ڕووەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوڵبدەن چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە زانیاریان لایە و ئامادەن قسە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن

خاتوو کلیانی چادە بەڕێوەبەری بەشی میدیا و کۆمەڵگە لە زانکۆی میریلاند بەم ڕاپۆرتەی گوڵانی ڕاگەیاند: ((پێموایە دەبێت جیاوازیەك بکەین لە نێوان بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییە شەخسییەکان و لەگەڵ هەواڵ و زانیارییەکانی پەیوەست بە چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان لەلایەن حکومەت و لەلایەن دەسەڵاتەوە، چونکە ئەوەی یەکەمیان بەپێی کولتوور و هەلومەرج و تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگەیەك دیاری دەکرێت، لە کاتێکدا پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەموو وڵاتاندا بە چاوپۆشین لە کولتووری کۆمەڵگەکە بە داواداچوون و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لە بارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان و لە بارەی ئەدای حکومەتەوە ئەنجام بدات. بەڵام دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و نەبنە ئامراز و دەنگی لایەنێکی دیاریکراو، بەڵکو کار و ئەرکی ڕاگەیاندن بریتییە لە گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکان بە وردی و بە ئەمانەتەوە، وەزیفەی ڕاگەیاندن ئەوەیە لێدوان و بیروبۆچونی لایەنە جیاوازەکان بگوازێتەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکات، نەك تەنیا داکۆکی لە لایەنێکی دیاریکراو بکات. لەمەش زیاتر نابێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن پاشکۆی پارتە سیاسییەکان بن، بەڵام ئەوەی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بەدی دەکەین، ئاماژەیە بۆ بوونی کێشەیەکی جدی، کە پارتە سیاسییەکان ئەم دەزگاکانەیان کۆنتڕۆڵ کردووە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵبستن بە چەواشەکردنی خەڵك، ئەوا ئەمە زیانێکی ڕاستەقینە بە دیموکراسی دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی متمانەیان بەم دەزگایانە نەمێنێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەم دەزگایانە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بنیاتنانی دیموکراسیدا)). لەدووماهی بەدواداچوونی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر لایەنێکی گرنگی دیکە کە بایەخی میدیای ئازاد بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی و سەبارەت بەوەی ئایا سەرچاوەی بایەخی ڕۆژنامەگەری ئازاد چۆن هاتۆتە ئاراوە؟ پرۆفیسۆر و ڕۆژنامەنووس شەین شافەر کە ئوستادی ڕۆژنامەگەرییە لە زانکۆی میترۆپۆلیتیان سەتیەت و پێشتر کاری ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژنامەکانی شیکاگۆ و سان فرانسیسکۆ کردووە، سەبارەت بەم پرسە بەم ڕاپۆرتەی گوڵانی ڕاگەیاندن: (فیکرەی ڕاگەیاندنی ئازاد لە ئازادی ڕادەبڕینەوە سەرچاوەی گرتووە، لە هەمان کاتدا بڵاوکردنەوە و گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان خزمەت بە پرۆسەی حکومڕانیکردن دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی حکومەت تێگەیشتنێکی باشتری لەبارەی کێشە و پرسەکانی کۆمەڵگەوە هەبێت و ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە داڕشتن و پیادەکردنی سیاسەتێکی باشتر لەلایەن حکومەتەوە. بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ئەوەیە تا ئەو ڕاددەیەی مومکینە وردبن لە گواستنەوەی زانیاری و هەواڵەکاندا بۆ ئەوەی میسداقیەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن، هەروەها یەکێکی دیکە لە ئەرکەکان ئەوەیە بەهۆی چاودێریکردن و بە داواداچوونەکانیان حکومەت ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەنەوە، بۆیە ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن بتوانن زانیاری ڕاست و دروست بڵاوبکەنەوە، ئەوا دەبنە جێی متمانەی خەڵك و دەبنە خاوەنی میسداقیەت لە کاتی ئەداکردنی ئەرکەکانیاندا. کەواتە باوەڕێکی بەهێزم هەیە بە سەربەخۆبوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە ئەمەش ڕزگارکردنی ئەم دەزگایانەیە لە کۆنترۆڵ و لە پاشکۆیەتی دەسەڵات لە خۆدەگرێت. چونکە ئەگەر بە تەنیا هەڵوێستی حکومەت بگوازرێتەوە، ئەوا ئەمە نابێتەهۆی داڕشتنی سیاسەتێکی دروست و گونجاو کە خزمەت بە کۆمەڵگەکە بکات. واتە دەبێت لەم ڕووەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن ئایا ئەوان خزمەت بە کێ دەکەن؟ ئەگەر خزمەت بە دەسەڵات دەکەن ئەوا هەمیشە دەبێت داکۆکی لێبکەن و هیچ کاتێك ناتوانن ڕەخنەیان لێبگرن، ئەمەش کارێکی هەڵە و کارێکی گێلانەیە لەبەر ئەوەی هەرگیز ناتوانین بڵێین دامەزراوەکانی دەسەڵات هەڵە ناکەن و کارەکان بێ کەموکوڕی ئەدا ئەکەن.

# رۆڵی سیاسەت و سیستەمی ئابووری لە چۆنیەتی (بەڕێوەبردنی قەیرانەکان) دا



**پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد رەئووف**

**شارەزا لەبواری ئابووری لەزانکۆی سلێمانی**

بەو پێیەی حوکمڕانی؛ پەیڕەوکردنی سیاسەت و ئاراستەکردنی هەموو تواناکانە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بەدیهێنانی زۆرترین کەڵك بەکەمترین تێچوون، بۆیە دەبێت دروستکەران و بڕیاردەرانی سیاسەت چاو ڕۆشنییەکی تەواویان هەبێت بە بیرۆکە سیاسییەکان و خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی و سیستەمێکی ئابووری رۆشن بن، تاوەکو بزانن بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتێکی تۆکمەو توندو تۆڵ چ جۆرە سیاسەتێك هەڵدەبژێرن. لەمەش دا مەرجە سیستەمی گشتی وڵات هێندە تەندروست و کارا بێت کە توانای تەواوی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی هەبێت و هەموو ئامانجەکانی ئەو سیاسەتەش بهێنرێتە دی بەسیاسەتی ئابووریشەوە، واتە سیاسەت بەگشتی هەر ئەوە نییە دابڕێژرێت بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و راست و دروست جێبەجێش بکرێت.

سیاسەت و جێبەجێکردنی لەبری ئەوەی بیرۆکراسییەتی کوشندەو گەندەڵی بخولقێنێت دەبێت پلاندانەرو نەخشەی ڕێگا بێت بۆ ژیان و باشترکردنی بارودۆخی ئابووری و سەرخستنی سەرجەم بوارەکانی سیاسی و سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەم پێشەکییە لەسەر چەمکی سیاسەت و سیستەمی گشتی وڵات پێویستە بۆ باسکردنی بارودۆخی تایبەت بە( سیستەمی ئابووری و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان)،کە زۆربەی جار قەیرانەکان لەکاتی نائارامی و ناسەقامگیری سیاسی دەکەوێتەوە.

لەهەرێمی کوردستان بەهاوشێوەی زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو ناحاڵی بوونێك هەیە لەنێوان چەمکی سیاسەت و گەمەی سیاسەت، لەکاتێکدا سیاسەت و گەمەی سیاسەت دوو هێڵی هاوتەریبن و ناگەن بەیەکترو جیاوازن، گەمەی سیاسییە وادەکات نائارامی و ناسەقامگیری بکەوێتەوە، لەکاتێکدا سیاسەت و بەسیاسەتی ئابووریشەوە داڕێژەرو بەدیهێنانی بەختەوەر و خۆشگوزەرانی دابین دەکات. ئابووری لەهەر وڵاتێکدا بەکوردستانیشەوە پێك دێت لەکۆمەڵە دەزگاو دامەزراوەیەکی ئابووری کە دەبێت وەها ئیدارە بکرێت سەرئەنجام سیستەمێکی سەرکەوتوو بێت، ئەرکی سەرخستنی ئەم سیستەمەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، کە دەبێت بەشێوەیەك ببرێت بەڕێوەو ئامادەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و کێشەکان واتە سیستەمێکی ئابووری بێت توانای ئیدارەکردنی قەیران و کێشەکانی هەبێت، بەتایبەتی کەوتنەوەی ئەو کێشەو گرفتە سیاسییانەی کەدەبێتە هۆی کەوتنەوەی ململانێی توندی نێوان پارتەکان و هەڕەشە لەناسەقامگیری سیاسی و ئابووری هەرێمەکە دەکات، ناتوانین بڵێین لە هیچ سوجێکی ئەم جیهانە شوێنێك هەبێت و کێشەی نێوخۆیی و ململانێ و گرفتی سیاسی یا قەیرانی ئابووری تێدا نەبێت یا بەدوور بێت لە نائارامی و ناسەقامگیری سیاسییەوە. گرفت و کێشەو ململانێ لە ژیانی ئابووری دا شتێکی ئاسایی و سروشتییە، ئەوەی ئاسایی نەبێت نەبوونی بەڕێوەبردنێکی بەتوانایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەو قەیرانەکان، واتە مامەڵەکردنێکی نازانستی و نادروست لەگەڵ کێشەکان، حیکمەت لەوەدایە ئاخۆ دەسەڵات لەم هەرێمەدا چۆن و بەچی ئیدارەی قەیران و کێشەکان دەکات؟ چ جۆرە خۆئامادەکردن و ئامادەسازییەکی تێدایە؟ پێش ئەگەری کەوتنەوەی ناسەقامگیری و قەیرانی ئابووری و نائارامی لەسیستەمی سیاسی هەرێمەکەدا پلانی ئامادەکراو لەبەردەستدایە! بەرژەوەندی باڵای نەتەوەو نیشتمان دەکرێتە پێوەری سەرەکی و کۆتایی لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان دا؟ لەکاتی کەوتنەوەی کێشەی سیاسی و نائارامی و قەیرانی ئابووری پێویستە بەرژەوەندی گشتی بکرێتە پێوەر بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەو قەیرانەکان، کاتێك قەیرانێك دروست دەبێت یا نائارامییەکی سیاسی دەکەوێتەوەو کاریگەری لەسەر ئابووری و ژیانی تاکەکانی ناوکۆمەڵگا دەبێت، پێویستە بەباشترین شێوە ئیدارەی ئەو قەیرانە بکرێت، تاوەکو شوێنەوارو کاریگەری

خراپـــی قەیرانەکە زیـــان بەئابووری و بەرژەوەندی بـــاڵای وڵات نەگەیەنێت، ململانێیـــەکان لەبری ئـــەوەی زیانی بۆ ســـەر تاکەکانی ناو کۆمەڵ هەبێت بەپێچەوانـــەوە ئەو ململانێ سیاســـی و هەڵـــەو کەموکورتییـــە ئابوورییانـــە بەشـــێوەیەك روو لەچارەسەرکردن بکات، بەقازانج و بەرژەوەندی گشتی کۆتایی بێت. کێشە لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکانیش دیوێکـــی تری کەوتنـــەوەی نائارامی و ناســـەقامگیری سیاسی و ئابوورییە لەنێوخـــۆی هەرێمدا، هەر لە تۆپبارانی ئێرانـــەوە تاوەکو هێرشـــی فرۆکەکانی تورکیاو لەشکرکێشـــی سوپای عێراق، گرنگـــە لەکاتـــی کەوتنـــەوەی ئـــەم کێشـــانە هەموو کێشـــەو ناکۆکییە ناوخۆییەکان لەنێوان باڵا جیاوازەکانی ناو دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش بەلاوە بنرێت و کۆدەنگییـــەك لەکێشـــە دەرەکییەکان هەبێت، واتە ململانێ و کێشمەکێشـــی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن ئاساییە، بەڵام سروشتی نییە کاتێك کاردانەوەی خراپی لەســـەر بـــازاڕو ئابـــووری و هاووڵاتییان هەبێت.

ئابـــووری کاتێك روو لەپێشـــکەوتن دەکات و بوارەکانـــی بەرهەمهێنـــان و خزمەتگـــوزاری و ئاوەدانـــی گەشـــە دەکات، بارودۆخی سیاســـی و ئارامی لەوڵاتەکە یـــا هەرێمەکە ســـەقامگیر بێـــت واتـــە ســـەقامگیری سیاســـی هەبێت، کاتێکیش بارودۆخی سیاســـی و ســـەقامگیری هەرێمی کوردســـتان پشـــێوێت، حکومەت و دامودەزگاکانی لەبری ئەوەی ســـەرقاڵی بوژانەوەی ئابووری و پێشخســـتنی ئاســـتی خزمەتگوزارییەکان بن، ســـەرجەم ئیشـــوکارو تواناکانیان دەخەنە خزمەتـــی رووبەرووبوونەوەی کێشـــەو ناســـەقامگیری و شـــوێنەوارە خراپەکانـــی ئەو پشێوی و نائارامییەوە. گەر بێتوو ئیدارەکردنی کێشـــەو قەیرانـــە دەرەکییەکان بەشێك بێـــت لەئـــەرك و رۆڵـــی دەســـەڵاتی گشـــتی وڵات، ئـــەوا دەبێـــت لەپێناو باشتر بەڕێوەبردنی هەرێمەکە دەسەڵات و دامـــودەزگاو دامەزراوەکانـــی بەرچاویان رۆشـــن بێت بەوەی چ جۆرە سیاســـەتێکی درێژ خایەن دادەڕێژن و چ ســـتراتیژییەتێك پێڕەو دەکەن لەبوارە جیاجیـــاکان دا کە خزمـــەت بگەیەنێت بەبەدیهێنانـــی ئامانجـــە کۆتاییەکانی کۆمەڵ بـــۆ ئـــەوەی بەبەرنامەو پلانە ئابوورییـــەکان تاکەکانی نـــاو کۆمەڵ (بەختەوەرو خۆشـــگوزەران) بن، کەلەم بوارەدا ئەرکێکی ســـەرەکییان دەکەوێتە ئەستۆو پێویستیان بەدادپەروەری هەیە. ئالێـــرەدا رەنگە بپرســـین هاتنە کایەی ئـــەم حاڵەتە چـــۆن لەمـــاوەو کاتێکی دیاریکراوی کورتدا دەخوڵقێت؟ پێم وایە تەنیا بە ئیرادەیەکی دڵسۆزانە (بەختەوەر و خۆشـــگوزەرانی) بـــۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵ دابین ناکرێت، بەڵکو پێویســـت بەسیســـتەمێکی بەڕێوەبردن دەکات کە بـــوار نەهێڵێتـــەوە بۆ هیـــچ لادانێك و کەســـە دڵسۆزەکانیش باشـــتر ئیدارەی وڵات بکەن و توانای رووبەرووی کێشەو قەیرانەکانیـــش هەبێت، گەر سیســـتەم هەبێت بوار بەهەڵسوڕاندنی خراپ نادرێت و بەئاســـانیش رووبـــەرووی قەیرانەکان دەبینەوەو شـــوێنەوارەکانی کەمتر زیان بەکۆمەڵ و ئابووری و ســـەقامگیری گشتی هەرێم دەگەیەنێت.

**گەمەی سیاسییە وادەکات نائارامی و ناسەقامگیری بکەوێتەوە، لەکاتێکدا سیاسەت، بەسیاسەتی ئابووریشە داڕێژەرو بەدیهێنەری بەختەوەر و خۆشگوزەرانییە**

**پێش ئەگەری کەوتنەوەی ناسەقامگیری و قەیرانی ئابووری و نائارامی لەسیستەمی سیاسی هەرێمەکەدا پلانی ئامادەکراو لەبەردەستدایە!**

